

زاهیر محەمەد:
کورد هونەرێکی پێشکەوتووی هەیە.. بەداخەوەش ئەمڕۆ لە کۆیە گۆرانیبێژی چاکمان نییە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٥ - ٥)

* ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە، زاهیر محەمەد ئیبراهیم قادرە، لەبەر خۆشەویستی لە کوردستان و لەناو خەڵکیدا، بە زاهیر مەردانە ناسراوە، هونەرمەندێکی فرەبەهرە و پڕ بەخشش و خاوەن بەرهەمی جۆراوجۆرە، زۆر بە ڕوونی جێدەستی بەسەر هونەری مۆسیقا و ئاوازدانان و گۆرانی و سروودی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندانی شارەزای بواری هونەر و چاودێران شایەدی بۆ دەدەن کە خزمەتێکی زۆری بە کایەی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە. ئەم هونەرمەندە وەک موزیکژەن، سەرەتا شمشاڵ و نای تەختە، دواتر کەمان و عودی ژەنیوە، ئەوجا وەک ئاوازدانەر، لە ئامادەکردنی گۆرانیی کۆن و فۆلکلۆری کوردی بۆ گۆرانیبێژان دەرکەوتووە، پێشەکی مۆسیقای بۆ زۆر لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کورد داناوە.

* هونەرمەند زاهیر محەمەد، بێجگە لەوەی لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا کار و بەرهەمێکی زۆری هەیە، لە بواری نووسینیشدا ئەوەندەی دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێ، بە پێی توانایی خۆی خزمەتی کردووە. یەکەم نۆبەرەی چاپکراوەکانی بەناوی (ڕەنگاوڕەنگ)، لە ١٩٧٠/٧/١٠، لە چاپخانەی (الشمال)ی کەرکووک چاپکردووە، ناوەرۆکی کتێبەکەی بریتییە لە تێکستی زۆربەی ئەو شیعر و سروود و هۆنراوانەی خۆی ئاوازی بۆ داناون و لە ئێزگەی کوردیی بەغدا تۆمار کراون، بەڵام بە هۆکاری تەکنیکی نەیتوانیوە نۆتەی گۆرانییەکانی لەگەڵ دابنێ، نەشیتوانیوە ئەو نۆتانە بە زەنگوغراف بڵاو بکاتەوە، چونکە تێچووی ئەو کارە بۆ ئەو زۆر بووە، لە ناویاندا نۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک هەبوون کە لە سااڵی

١٩٦٧، لە سلێمانی لەگەڵ هونەرمەندان؛ (ئەنوەر قەرەداغی، شەوکەت پەشید و سەلاح پەشید)ی برای، لە مالّی باوکی شەوکەت پەشید بۆیان تۆمار کردووە. دوای چەند ساڵێک کتێبی: هونەری پەوانبێژی و وتارسازی- هونەری دەمودوو (فن الألقاء) کە کتێبی دووقۆڵیی سامی عەبدولحەمید و بەدری حەسوون فەریدە، بە دەستکارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٧، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپ کردووە. هەر ئەو ساڵە (٢٠٠٧)، کتێبێکی دیکەی بەناوی (ئاشنا، ئەو شاعیرەی خۆی و شیعرەکانی تیرۆرکران!)، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دواتر کتێبێکی دیکەی بەناوی: (کۆمەڵێک بابەتی بەپێز، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک بیزانێت!)ی وەرگێڕاوە و لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لەسەر گیرفانی خۆی چاپی کردووە، دواجار بنکەی مەقام، لە ساڵی ٢٠١٢دا، نامیلکەیەکی بەناوی (دەنگ و ئاوازە کوردییەکان)ی بۆ لە چاپداوە کە نووسینێکی ڕەخنەگری هونەریی بەناوبانگی عێراق (عادل هاشمی) یە و لە زمانی عەرەبییەوە وەری گێڕاوە.

* بێجگە لەو کتێبە چاپکراوانەی، کۆمەڵێک دەستنووسیشی هەیە کە چاوەڕێی لە چاپدانن، لەوانە: (چۆن لە ژیانتدا سەرکەوتوو دەبیت)، نووسینی زانای کۆمەڵناس کلود بریستول کە لە ساڵی ١٩٧٦، لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. دەستنووسێکی دیکەی (بنچینەی فێربوونی مۆسیقا)یە، نووسینی ئەدۆلف دانهاوزەرە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. دەستنووسێکی دیکەی بەناوی (کۆیەی دواڕۆژ)ی هەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ نووسیویەتی. (بەختیاری ڕاستییە، یان ئەندێشە)، کە سەبری مەقدسی نووسیویەتی، لە ساڵی ٢٠١٤ لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. (ڕۆشنبیری و گەڕی نوێبوونەوە)، دیسان نووسینی (سەبری مەقدسی)یە، هەر لە ساڵی ٢٠١٤، لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەو دەستنووسانەی باسمان لێوە کردن،



زاهیر محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

ساڵانێکە نووسراون و وەری گێڕاون، چاوەڕێی هیمەتی دەزگایەکی چاپکردنن بۆی لە چاپ بدەن.

* سەرەڕای نووسین و وەرگێڕانەکانی کە تا ئێستا بەشێکی لێ چاپ کردوون و بەشێکیان چاوەڕێی چاپ کردنن، زیاتر لە (٥٠) ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر و کۆیە، وتاری جۆراوجۆری نووسیوە و وەرگێڕاوە و پەیتا پەیتا بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بوون: ڕۆژنامەکانی: ئازادی، هاوکاری. گۆڤارەکانی: بەیان، ڕەنگین، هەنگ، گەپ، پەیژە، چلاوار، نووسەری نوێ، مێرگ، هەرێمی کوردستان، کەکۆن، ڕامان، کە لە بارەی هونەر و شیعر و ئەدەبیات و منداڵ و مێژوو، بیروڕای خۆی دەربڕیوە و زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش و بە کەڵکیشی وەرگێڕاوە.

* بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک لە کۆیە سەرۆکی تیپی باواجی بووە و لەبەر تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئەو تیپە و سازکردنی ئاهەنگی بەردەوام لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، دوای ساڵی ١٩٧٠ و کەشوهەوای سازگار و لەباری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ناوی ئەو هونەرمەندە، بە هەوادارانی هونەر ئاشنا بووە، بە تایبەتیش کە سەرپەرشتی و سەروکاری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەی کردووە، ئەوەی زیاتر

ئەو تیپەشی پێ ناسراوەتەوە، ئەو مۆرکە تایبەت و ڕەسەنەی میلۆدییەکانی بووە، کە زۆر بە ڕۆح و هەست و گوێچکەی گوێگران و بینەرانی ئەو ئاواز و گۆرانییانە شیرین و دڵگیر بوون و جێگەیان لە دڵ و دەروونیاندا کردبووەوە، چونکە میلۆدییەکان هەڵقوڵاوی ناو ناخ و هەناوی خەڵکی دەڤەرەکە و وراتی کۆیە بوون، یان درێژەپێدەری هونەری باڵای کەسانی گەورەی وەک ئەمیناغای ئەختەر و ڕەشیداغای حەوێزی و مەڕپێن و حەنیلە خڕە و سێوە و حاجییە گەورە و مەلا ئەسعەد و مەلا ئەحمەدە کۆر و محەمەدئەمین عەباس و تایەر تۆفیق و باکووری و خالید دلێر و.. و.. بووە، ئەو میلۆدیانەش نەک هەر لەناو دڵ و دەروون و هەست و نەستی هەموو تاکێکی کۆیی، بگرە لە دڵ و دەروون و یادەوەری هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستاندا کاریگەرییان هەبووە و جێگەی خۆیان کردووەتەوە.

* زاهیر محەمەد کوڕی خانەوادەیەکی ئایینی و ئەدەب پەروەر بووە، باوکی مەلا محەمەد ئیبراهیم کە ناسناوی دلاوەرە (ئیمام و خەتیبی مزگەوتی حەتک) شاعیر بووە و زۆر حەزی بە شیعر و ئەدەبیات کردووە، زانایەکی ئایینی کراوە و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی سەردەمی خۆیەتی، شاری کۆیەش بۆ خۆی مەڵبەندی شاعیران بووە، بۆیە هەر زوو بەناوی شاعیرە گەورە و کاریگەرەکانی ئەو شارە ئاشنا دەبێ، بێجگە لە شاعیرانی کۆیە، وەک خوێنەرێکی باشی شیعری کوردی و شاعیرە گەورەکان، شیعری باڵای بۆ ئاوازەکانی هەڵبژاردووە، ئەو کە تا ئێستا (١١٤) ئاوازی داناوە، هەوڵی داوە شیعری شاعیرە باشەکان هەڵبژێرێ و ئاوازیان بۆ دابنێ و بیداتە ئەو گۆرانیبێژانەی ئاوازەکانی دەڵێن، کە ئەو شاعیرانە ژمارەیان زۆر بووە، لە ناویاندا شاعیرانی کلاسیک، تا شاعیرانی سەردەمی نوێی گرتووەتەوە، لەوانە: ئاوازی بۆ شیعری نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کۆیی داناوە، ئاوازی بۆ (١٤) شیعری عەونی، (٨) شیعری ئەحمەد دڵزار، (٦) شیعری هێمن، (٤) شیعری کەریم شارەزا، (٣) شیعری د. مستەفا زەنگەنە، (٢) شیعری جەلال جۆبار، (٢) شیعری کامەران موکری، (٢) شیعری مەدحەت بێخەو، (٢) شیعری ڕەهبەری سەید برایم، (٢) شیعری ڕەمەزان زامدار، (١) شیعری مەدهۆش، (١) شیعری نەسرین مستەفا، لەگەڵ سروودی پێشمەرگە، کە شیعری زەینەب خادیمی سەجادەیە، وێڕای ئەوەی ئاوازی بۆ چەند شیعرێکی خۆشی داناوە.

* گەشتی ئاوازدانانی م. زاهیر محەمەد، لە شەستەکانەوە دەست پێ دەکات، لەو کاتەوە کە قوتابیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا – بەشی مۆسیقا بووە، یەکەم جار ساڵی ١٩٦٠، لەسەر داوای هاوڕێیەکی عەرەبی بەغدایی، کە ئەویش لە پۆلی سێی بەشی مۆسیقا بووە، بە ناوی مەهدی عەلی، کە لە پۆلی یەکی پەیمانگە بووە، ئاوازی بۆ تەوشیحێکی ئاییننی بەناوی (طلع البدر علینا، من ثنیات الوداع) داناوە، ئەو هاوڕێیەی کە لە قوتابخانەیەکی تێکەڵاوی بەغدا کۆتایی ساڵ تەتبیقی کردووە، نۆتەی بۆ ئاوازەکەی نووسیوەتەوە، ئێستا ئەو سروودە ئاییننییە بە هەموو ولاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام زۆر دەستکاری کراوە و ناوی ئەویشیان لەسەری لابردووە. ئاوازی بۆ زۆر دەنگخۆش و گۆرانیبێژی کورد داناوە، کە لەناو ئەوانەدا ئافرەتان و پیاوان و لاوان هەن، لەوانە: ئەنوەر تاهیر، عەدنان جەمال، عەبدوڵڵا دڵسۆز، قادر ئەحمەد، سەڵاح پشدەری، قاسم فەرەجوڵڵا، گوشاد کەمال، دلێر سادق، ئیسماعیل شەیدا، کە هەندێ لەوانە کۆچی دواییان کردووە، هەروەها ئاوازی بۆ چەند خانمێکی دەنگخۆشیش داناوە لەوانە: تارا ڕەسوڵ، دڵنیا قەرەداغی، دیمەن جەلال جۆبار، شنۆ ئیبراهیم.

* هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەست پێکردنی کاروانی هونەریی، لە ساڵی ١٩٥٧ دەستی پێکردووە، ئەو ساڵە بەخت یاوەری بووە، م. باکووری وەک

هونەرمەند و مامۆستای زمانی ئینگلیزی هاتووەتە قوتابخانەکەیان کە ناوی ناوەندیی کۆیە بووە، دوای ماوەیەک هەوڵی داوە چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش بکا، ئیدی لەو قوتابخانەیەدا چەند قوتابییەکی ئارەزوومەندی بواری هونەری مۆسیقای هەڵبژاردووە، زاهیر محەمەد یەکێک لەو قوتابیانە بووە، هەر ئەویش لەو کات و سەردەمەدا بەهونەری مۆسیقای ئاشنا کردوون و پۆژانە دوای نیوەڕۆیان لە ژووری نیگارکێشان ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوکاتە خوێندنی قوتابیان چوار وانە بووە، ئێوارانیش دوو وانەیان خوێندووە و لەسەر چەند ئامێرێک ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوە بوو لەم سەرەتایەوە زاهیر محەمەد و ئیبراهیم فەرەجوڵڵا بە کەمان، ئەکرەم باقی بە عود، سەردار ئەحمەد بە نای، نەشئەت حەمید بە دەف، عەونی عەلی بە تەپڵ بەشداربوون، کە ئەو قوتابییە بەهۆی ئەوەی باوکی مەعاونی پۆلیس بووە، هاتوونەتە شاری کۆیە، کە لە بنەچەدا خۆیان خەڵکی شەنگال بوون، دوای ماوەیەک لە کۆیە نەماون و باریان کردووە.

* بە سەرپەرشتیی م. باکووری، لەو قوتابیانە تیپێکی مۆسیقای بچووک، وەک چالاکیی قوتابخانە دادەمەزرێنێ و چەند چالاکییەکی سنووردار لە قوتابخانەکەیان بۆ دایکان و باوکانی قوتابیان پێشکەش کردووە، هەر خۆشیان تیپەکەیان ناو ناوە (باواجی)، دوای ساڵ و نیوێک تیپەکە لە چالاکی نواندن وەستاوە، چونکە قوتابییەکان هەریەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتوون، زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراون، ئەو سەردەمە لە هەموو عێراقدا، تەنیا لە بەغدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەبووە، ساڵی ١٩٦٠یش مامۆستا باکووری چووەتە شاری هەولێر، ئەکرەم باقی بووەتە سەرباز، ئیتر تیپەکەیان نەماوە، لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەی لە پەیمانگە بووە، لە ئاهەنگەکانی پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا و ئێزگەی کوردی، بەشداری زۆر چالاکیی هونەری کردووە. ساڵی ١٩٦١ تیپی ئۆرکێسترای پۆژهەڵاتی لە بەغدا، بەسەرپەرشتیی مامۆستاکەیان حیسام چەلەبی دادەمەزرێ، زاهیر محەمەد دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیپی ئۆرکێسترایە و وەک ژەنیاری کەمان وەردەگیرێ، ئەو ماوەیەی لەو تیپەدا بووە، لە تەلەفزیۆنی بەغدا، بە شێوەی زیندوو بەرهەمێک پێشکەش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بەرهەمەکەیان بە ڕەش و سپی تۆمار کردووە.

* دوای ئەوەی پەیمانگە تەواو دەکات، لە شاری (کوت)ی خواروو عێراق، وەک دوورخستنەوەیەک بە مامۆستا لە چالاکیی قوتابخانەکان دایدەمەزرێنن، دوای نیوەڕۆیانیش لە هۆڵی قوتابخانەی (هودا)ی کچان، کۆمەڵێک قوتابی فێری مۆسیقا دەکا و لەسەر ئامێری کەمان، عود، ئۆکۆردیۆن، ماندۆلین، تەپڵ، دەف، جاز، ڕاهێنانیان پێ دەکا و تیپێکی باشیان لێ دروست دەکات و لەو شارەدا چالاکیی زۆر دەنوێنن، بەرچاوترین و گرنگترینیان بەڕێوەبردنی ئاهەنگی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی بووە، ئەم چالاکییە لە قەزای (صوێرە) کراوە کە عەبدولکەریم قاسم خەڵکی ئەوێیە و خۆشی لە ئاهەنگەکەدا ئامادە بووە، هەر لەو کاتەدا فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی (کیندی) لە بەغدا هەبووە، ئەو ڕۆژە هەموو شاندە بەشداربووەکانی ئەو فیستیڤاڵە، لە (صوێرە) ئامادە دەبن، لەوانە وەزیری مەعاریف ئیسماعیل عارف، لەگەڵ پارێزگاری کوت و (ئەنوەر ئامر)ی زاوای عەبدولسەلام عارف و زۆر بەرپرسی دی. دوای (٣) ساڵ مانەوەی لەو شارەدا، لە ساڵی ١٩٦٥ دەگوێزرێتەوە شاری کۆیە، لەو کاتەوە لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی شارەکەی، هەوڵێکی زۆر دەدا تاکوو تیپێکی مۆسیقای (ئەهلی) دامەزرێنێ، م. زاهیر محەمەد پێی وایە هەڵەیەکی مێژوویی کراوە کە جارێکی دی ناویان لە تیپەکەیان ناوەتەوە (تیپی مۆسیقای باواجی)، چونکە ئێستاش هەندێ کەس وا دەزانن ئەو تیپە هەر (تیپی مۆسیقای باواجی)یەکەی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەیە.

* تیپی مۆسیقای باواجی لە هەموو شارەکانی کوردستان، لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی هەبووە

و بەشدار بووە، لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٤ لەسەر ئاستی هەموو تیپەکانی کوردستان یەکەم بووە، بێجگە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە ئەوان لەبەر زۆریی ئەندامانی بەشداربوویان، بە پلەی (ئیمتیاز) دەرچوون، واتە نەخرانە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی باشترین تیپەکانەکەوە. لە دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار، لە ساڵی ١٩٧٢، مۆڵەتی فەرمیی تیپەکە لە وەزارەتی (ئیعلام)ی عێراقی بۆ وەردەگرن و (١٠) کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر دەبنە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر. لەو ماوەیەی لە تیپی مۆسیقای باواجی-دا کاری کردووە، ژمارەیەکی زۆر ئاوازی داناوە و گۆرانی ئامادە کردووە، بەڵام کەمێکیان لێ تۆمار کراون، ئەوانەی تۆمار نەکراون بە تۆتە نووسراونەتەوە و لە دووتوێی کتێبدا بۆ چاپکردن ئامادەکراون. دوای ئەوەی تیپی مۆسیقای باواجی بەرهەمێکی زۆر و چالاکی و ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ، لە ساڵی ١٩٧٤، دوای ئەوەی حکوومەتی بەعس شەڕی بەسەر کورددا سەپاندەوە، ئەو تیپە بە بڕیارێکی ستەمکارانە هەڵوەشاوەتەوە و ماوەی (٩) ساڵ لە کار و چالاکی وەستاوە، تا جارێکی دی لە ساڵی ١٩٨٢ سەرلەنوێ مۆڵەتی پەسمی بۆ دامەزراندنەوەی وەردەگیرێ.

* لەو ماوەیەی تیپەکە هەڵوەشاوەتەوە، لەگەڵ هونەرمەند سەردار ئەحمەد لە مەڵبەندی لاوانی کۆیە بە (موحازەرە) وانەی مۆسیقایان گوتووەتەوە، هەر لەو کاتەشدا تیپێکی مۆسیقا بەناوی (مەڵبەند)ـەوە دادەمەزرێنن کە بەشداری ئاهەنگی ناو شار و دەرەوەی کۆیەشیان کردووە، هەروەها لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاوان لە شاری حیللە بەشدار دەبن، جارێکی دیکەش لە شاری (سەماوە – موسەننا) بەشداری لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاواندا دەکەن. ئێستا کە لە ساڵی ١٩٩٦وە لە شاری هەولێر دەژی، ناوبەناو لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی، بەشداری هەندێ چالاکی دەکات و ساڵانە لە چەند بۆنەیەکدا وەک یادی تایەر تۆفیق و ڕۆژی هونەر لە کۆیە بەشداری کردووە. لە ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ ئەو تیپە کۆنسێرتێکی گۆرانی لەسەر شانۆی (سەنتەری لاوانی کۆیە) پێشکەشی جەماوەری کۆیە کردووە کە (٨) گۆرانی نوێ بووە، ئێستا لە تۆمارگەی (هیوا) لە کۆیە، بە CD دەفرۆشرێ و ڕەواجێکی زۆر باشیشی هەیە.

* م. زاهیر محەمەد لە ژیانی هونەریی خۆیدا، بەهۆی بەخشش و کار و چالاکییە زۆروزەوەندەکانی، چەندان جار بە خەڵات و ڕێزلێنان و سپاسنامە لەلایەن داوودەزگا فەرهەنگی و حکوومییەکانەوە بەسەر کراوەتەوە، هەندێ جار وەک ئەندام و سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای باواجی و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ ڕێز لە خۆی نراوە، لەوانە: خەڵاتی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان، لە (بەرلین)ی ڕۆژهەڵات، تەممووزی ساڵی ١٩٧٣. بەشی ڕۆشنبیری و هونەریی کۆمپانیای (چوارچرا)، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/٥، لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەوە (عیرفان عەبدولڕەحمان زەنگەنە)، ڕێزی لێ گیراوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری، فەلەکەددین کاکەیی و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە. لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٥، لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری سامی شۆڕش، بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. لە ٢٠٠٦/٣/٣١ کە ڕۆژی هونەرە لە کوردستان، لەلایەن پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر نەوزاد هادی ڕێزی لێ نراوە. لە بنکەی مەقام کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، لەبارەی لاوک و حەیران کۆڕێکی گێڕاوە و قسەی کردووە، ئەوانیش لە پای ماندووبوونەکەی ڕێزیان لێ ناوە، هەروەها لە یادی هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق، دوو ساڵ لەسەر یەک ٢٠١٤/١٠/٢٢ و ٢٠١٥/١٠/٢٢ خەڵاتیان کردووە، ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧، لە کۆیە خەڵاتی (سەید برایم)یشی پێ بەخشراوە.

* لە پاش ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە بەشی کەمان (ڤیۆلۆن) وەردەگیرێ و دەگاتە ئاستێکی زۆرباش لە ژەنینی ئەو ئامێرەدا، بەڵام ئێستا بەهۆی تەمەنەوە پتر خەریکی عودژەنینە. جارێکیان لە پشووی نیوەی ساڵ کە گەڕاوەتەوە

کۆیە، هەر ئەو کاتە سەردانی سلێمانی دەکات و لەوێ حەمەساڵح دیلان-ی شاعیر و دەنگخۆش و هونەرمەند (قادر دیلان)ی بۆ دەکات، ئەوکاتە حەمەساڵح دیلان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی فەرمانبەر بووە کە بیناکەیان بەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ بینینی هەردوو هونەرمەند نەجاتی عەبدە و حاتم سەعید کە بە (حاتەمەڕەش) ناسراوە، چووەتە شارەوانی سلێمانی، هەر لە شارەوانی هونەرمەند جەمال بەختیاری دیوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەموویان (بێجگە لە حەمەساڵح دیلان) لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی یەکدەگرنەوە، هەندێ گۆرانی بە تۆمارکەری گرۆندیک بە بەکرە (تێپ) تۆمار دەکەن، کە یەکێکیان گۆرانی (باران بارانە) بووە و بە دەنگی قادر دیلان وتراوە، زاهیر محەمەد و ولیەم یوحەننا بە کەمان و هونەرمەندەکانی دیکەش هەریەکەیان بە ئامێرەکانی خۆیان مۆسیقایان بۆی ژەنیوە.

* پێوەندی هاورێیەتی و دۆستانە و هونەریانەی م. زاهیر محەمەد لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام بووە، ئەو پێوەندییە لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە کە هونەرمەند پۆلی دووی ناوەندی بووە، کاتێک هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ زیان لێکەوتووان و لێقەوماوانی شاری سلێمانی، بەهۆی لافاوەکەی ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١٨، هاتوونەتە کۆیە و ئاهەنگێکی گەورەیان ساز داوە، هەر ئەو کاتە لەلایەن خەڵکی کۆیەوە وەک کۆمەک و یارمەتی، بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ کۆدەکەنەوە، هاتنی ئەو هونەرمەندانە بۆ کۆیە، زۆر کاریگەری بەسەر ئەم هونەرمەندەوە هەبووە، کە بۆ یەکەم جار تیپێکی مۆسیقای دیوە و ڕاستەوخۆ گوێی لە مۆسیقا و گۆرانی بووە، ئیتر لەو کاتەوە مەیل و ئارەزووی بۆ هونەر جووڵاوە و پەرەی سەندووە، ئەمە هەر ئەو ساڵە بووە کە م. باکووری هاتووەتەوە کۆیە و لەناوەندیی کۆیە وانەی ئینگلیزی پێ گوتووەتەوە، م. باکووری و سێوە لەو ئاهەنگە گەورەیەی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە گۆرانی و مەقام و مۆسیقا بەشداربوون. بۆ ساڵی دواتر، لە هاوینی ١٩٥٨، لەسەر داوا و بانگهێشتی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، تیپی مۆسیقای مەولەوی بەسەرپەرشتیی هونەرمەند قادر دیلان، ئاهەنگێکی گەورەی هونەری پێشکەشی جەماوەری شاری کۆیە دەکەن، خەڵکێکی زۆر لەناو یانەی فەرمانبەران و سەر گردی قشڵەی کۆیە، ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن، لەو ئاهەنگەدا، لەسەر داوای قادر دیلان، بە ئامێری عود، ژەنینێک پێشکەشی ئامادەبووان دەکات.

* من بۆ خۆم هونەرمەند زاهیر محەمەد، لە ساڵی ١٩٧٣وە لە نزیکەوە دەناسم، ئەو کاتە زووزوو سەردانی شاری کۆیەم دەکرد، بەهۆی ئەوەی هونەرمەند ئازاد بیلال بەهائەددین ماڵیان بەرانبەر ماڵی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی-م بوو، چونکە لەو کاتانەدا زۆر هاموشۆی ماڵیانم دەکرد، لەبەر ئەوەش کە وەک کەمانژەنێک ئەندامی تیپی باواجی کۆیە بوو، لەولاشەوە کوڕە پوورێکم کە ناوی ئەمیر مستەفا (دڵبەند) لەو تیپەدا کۆرس بوو، بۆیە زۆر ئێوارەی ئەو ڕۆژانەی لە کۆیە دەبووم، سەردانی تیپی مۆسیقای باواجی-مان دەکرد، ئەوان خەریکی ڕاهێنانەکانی خۆیان بوون، منیش وەک گوێگرێک و بینەرێک لەوێ دادەنیشتم. لەمێژ بوو دەمویست گفتوگۆیەکی قووڵ و بەرفراوان لەگەڵ م. زاهیر محەمەد بکەم، بۆ ئەوەی کارێک بێ لە قەبارە و گەورەیی بەخششەکانی بوەشێتەوە، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٦ چەند سەعاتێکم لە بەشی یەکەمی گفتوگۆکەمان تۆمار کرد، بەڵام تەواومان نەکرد و مایەوە، تا لەو دواییە تێهەڵچووینەوە و چەند بەشێکی دیکەمان لە یادەوەرییەکانی تۆمار کرد، لە گفتوگۆکەدا بە تێروتەسەلی باسی هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی هونەری و نووسینەکانی کرا، بیروڕای ئەومان لەبارەی زۆر لایەنی گرنگی هونەری و هونەرمەندەکان وەرگرت، ئێستا کاتی ئەوەیە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینەکەمان بخوێننەوە و بە بیروبۆچوون و کار و بەرهەم و بەخششەکانی ئاشنا بن.

ڕامان: کە پێیان گوتی لە هونەرە جوانەکان وەرگیراوی، کاردانەوەت چۆن بوو؟ ئەو هەواڵە چەند ژیانی گۆڕیت، هەواڵەکەت پێ خۆش بوو؟

زاهیر محەمەد: کە لە پۆلی سێی ناوەندی، بۆ پۆلی چوار دەرچووم، دواناوەندی لە کۆیە نەبوو، منیش لە بەشی زانستی نمرەی زۆر باشم هەبوو، بەتایبەتی لە بیرکاری و ئەندازە، زیاتر لە سەدا ٩٠م هێنابوو، بۆیە داواکاریم بۆ سانەویی هەولێر پێشکەش کرد.

ڕامان: هەمان ئەو داوایەشت پێشکەشی هونەرە جوانەکان لە بەغدا کردبوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، دوایی کە چووینە بەغدا و لە پەیمانگە وەرگیراین و دەواممان کرد، نزیکەی بیست ڕۆژ تا مانگێک لەوێ بووم، باوکم هەواڵی بۆ ناردم کە لە هەولێریش وەرگیراوی، دیار بوو لە هەولێر بەشی ناوخۆییش هەبوو، منیش گوتم مادام وایە، دەچمەوە هەولێر و لە پۆلی چوار، لە بەشی زانستی دەوام دەکەم، ئەنوەر تاهیر یەخەی گرتم و گوتی چۆن بەجێم دێڵی؟ دەنا بەتەما بووم بێم لێرە چوار بخوێنم، ئەو نەیهێشت.

ڕامان: تۆش گوێت لێ گرت و بە قسەی ئەوت کرد؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، چونکە ئێمە زۆر دۆستی یەکدی بووین، هەمیشە بە یەکەوە بووین.

ڕامان: بە قسەی باوکت نەکرد، بە قسەی ئەوت کرد؟

زاهیر محەمەد: سێ ساڵان من و ئەنوەر تاهیر و کەریم حەمەد تاکوو تەواومان کرد، لە بەشی ناوخۆیی لە یەک ژوور بووین، دوا ساڵ کۆڕێکی خەڵکی حیللە، کە ئەویش هەر لە بەشی مۆسیقا بوو، لەگەڵمان دەژیا ناوی ڕەشید بوو، دوا ساڵ هاتە لامان، لە ژوورەکەی بەشی ناوخۆیی، ئەو سێ ساڵە پێکەوە بووین.

ڕامان: بەدرێژایی ساڵانی ئیشکردنت لە تیپ، لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا ڕووداوێک ڕووی داوە، کە لە یادەوەریتدا مابێتەوە، لەو کاتەدا کە خەریکی ژەنین بوون و گۆرانیبێژێک گۆرانی دەڵێ، هیچ شتێکی وا لە یادەوەریتدا هەیە؟ بۆ ئەوەی باشتر بۆت ڕوون بکەمەوە، یەک لەو ژەنیارانەی لای خۆمان کە هاوڕێی هەوومانە و ناوی نابەم، دەڵێ لەسەر سەکۆیەک دانیشتبووین خەریکی ژەنین بووین، لە کاتی ژەنینەکە هەر ئەوەندەم بە خۆم زانی بەپشتدا کەوتم، تا هەڵیان گرتمەوە و هاتمەوە شوێنی خۆم، بینەرەکان و هاوڕێ ژەنیارەکانم تێر پێکەنین، تۆ شتێکی لەو بابەتە خۆشانەت لەلا هەیە؟

زاهیر محەمەد: لەوانەیە وردەواڵە و شتی ئەوها گچکە هەبێ، بەڵام لە یەک شتی زۆر گرنگ ئاگادارم، لە یانەی فەرمانبەرانی کۆیە دەستەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەران، سالانە ئاهەنگێکیان ڕێک دەخست، تیپی مەولەوی-یان بانگ کردبوو، ئەو وەختە (قادر دیلان)یش مابوو.

ڕامان: ئەوە لە چ ساڵێک بوو؟

زاهیر محەمەد: لە ساڵی ١٩٦٠ و ئەو وەختانە بوو، تیپی مەولەوی-یان بانگ کرد و ئاهەنگەکەیان گێڕا، هاوین بوو، هەوومان لە کۆیە بووین، قادر دیلان داوای لێ کردم و گوتی لە کاتی پشوودان بە عودەکەت ژەنینێک پێشکەش بکە، من هەندێک عودم ژەنی، ئەوانەی ئێمە کە گۆرانییان گوت، سێوە-شیان لەگەڵ بوو، گۆرانیبێژەکانی (تیپی مۆسیقای مەولەوی)ش، گۆرانییان گوت، لەو عانەی کە خەریکی ژەنین بوون، قادر دیلان، سەرۆکی تیپەکە بوو، لە سەرپەڕ دادەنیشت، لە کاتی ژەنین ژێی (می)، واتە ژێیە باریکەکەی

پسا.

ڕامان: کە ژێیەکە پسا، تۆ لەسەر شانۆ بووی؟

زاهیر محەمەد: نەخێر، بەڵام من لە نزیکی بووم، لەو ئاهەنگەدا لە دەرەوەی شانۆکە بووم، نەک لەسەر شانۆ، شانۆیەکی کاتییان دروست کردبوو، کە ژێیەکەی پسا گوتم کەمانت بۆ بێنم؟ گوتی پێویست ناکا و هەمووی بە پۆزیشن وەرگرت، ئاخر کەمان چوار ژێیەو هەموو ژێیەکانی دیکەی لەسەر ژێی سێیەم بە پۆزیشن وەرگرت، تا برگەکە تەواو بوو، پاشان ژێیەکەی گۆڕی.

ڕامان: ئەگەر شتی دیکەی لەو جۆرە بابەتانە ڕووی داوە و دەیزانی، بۆمانی بیگێڕیتەوە خراپ نییە ؟

زاهیر محەمەد: لەبیرم نییە، تەنیا ئەوە ڕووی دا، زۆر خۆش بوو.

ڕامان: ڕووداوێکی سەرنجڕاکێشە کە بە باشی و بەو شێوەیە چارەسەری کردووە.. ئەوەندەی من ئاگام لێیە یەک لە شتە جوانەکانی، لە یادەوەری نەوە دوای نەوەی کارەکانی تیپی مۆسیقای باواجی ماوەتەوە، ئەو ڕەسەنایەتییەیە کە ئینسان زوو هۆگری نەغمە و هەواکەی دەبێ، ئەوە زۆر دڵگیر و لەبەر دڵانە، چونکە ئاوازەکانی لە دەروون و دڵ و ناخی میللەتەکەی هەڵقوڵاوە، هەست دەکەی کە ئەمە هونەرێکە هیی خۆتە، بۆنوبەرامی خۆتی پێوەیە.. پێشەکی پێم بڵێ تۆ چۆن لە ڕەسەنایەتیی هونەری گۆرانی و مۆسیقا دەڕوانی؟ باسێکی ڕەسەنایەتیمان بۆ بکە.

زاهیر محەمەد: وەک پێشتر گوتم کۆیە لە هونەری گۆرانیگوتن و لە مۆسیقادا، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ دەرکەوتنی ئێمەش لەو کاتەدا،



کۆیە (یانەی فەرمانبەران)، ١٥/ ٩/ ١٩٧٠، ئاهەنگێک لە یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کاتی پێشکەشکردنی سروودی (سڵاو لە پارتی دیموکراتی کورد). ئەوانەی بە پێوەن لە ڕاستەوە: ئەنوەر تاهیر، وریا ئەحمەد، زاهیر محەمەد، جان تۆماس و ئەندامانی دیکەی تیپەکەن.

لە دوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار و پاش ئەوەی بەرهەمەکانمان لە بەغدا تۆمار کردن، ماوەیەکی زۆر نەبوو تەلەڤزیۆنی کەرکووک بڵاوی کردبوونەوە، کە لەوێ بڵاوکرانەوە دەنگدانەوەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو، بەرهەمەکانیشمان زۆر بوون، دوازدە، سێزدە بەرهەممان تۆمار کردبوو، هەموویان بە یەکەوە لێ نەدا، بە سێ چوار حەڵقە، لە ماوەی سێ چوار شەوان پەخش کران، هەر شەوەی یەک دوو، یان سێ گۆرانییان لێ دەدا، دواتر دەیانگوت بۆ شەوی دادێ ئەوانی دیکەتان پێشکەش دەکەین.

ڕامان: لەبیرمە لە هۆڵەکەی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، ئێوارەکان کورسییان ڕیز دەکرد، خەڵکی چاوەڕێیان دەکرد بەرهەمەکانتان ببینن.

زاهیر محەمەد: بەڵێ، وەک چۆن جەماوەر لە نمایشی شانۆییدا دادەنیشن و تەماشای شانۆگەرییەکە دەکەن، ئاوها کورسییان ڕیز کردبوو، ئەو کاتە لە کۆیە تەلەڤزیۆنیش هێندە زۆر نەبوو، تازە پەیدا بووبوو، خەڵکی بەو

شێوەیە تەماشای تەلەڤزیۆنەکەیان دەکرد، کە تیپەکە بەدەردەکەوت، یان کە تەواو دەبوو، دەبووە چەپڵە و هەرا و هۆریایەک نەبێتەوە، لە ماڵانیش هەمان شت بوو، ئەو کاتی هەموو کەس تەلەڤزیۆنی نەبوو، تەلەڤزیۆن پەش و سپیش بوو، هیی وا هەبوو تەلەڤزیۆنی هەبوو، دراوسێکان دەچوونە لای یەک، چاوەڕێیان دەکرد تیپی باواجی دەربچێت و پێکەوە تەماشایان دەکرد.

ڕامان: ئەوە لەسەر ئاستی جەماوەر، ئەی لەسەر ئاستی هونەرمەندە گەورەکانی کورد و تیپەکان، بۆ نموونە هونەرمەندان لە تیپەکانی سلێمانی و کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و مەولەوی و ئەوانی دی کە ئەو بەرهەمانەیان دیت، بیروڕای ئەوان چۆن بوو؟

زاهیر محەمەد: بە ئەڕێنی وەریانگرت و پێشوازییان لێ کرد، بە تەلەفۆن و بە قسە و ڕووبەڕوو، بە هەموو شێوەیەک دەستخۆشییان لێ دەکردین، بەتایبەت جەماوەری کۆیە، ڕێزێکی یەکجار زۆریان لێ دەگرتین.

ڕامان: من لێرە زیاتر مەبەستم بیروڕای هونەرمەندەکانە، ئەوانەی لە مۆسیقا و هونەر شارەزان، بیروڕای ئەوانەم پێ گرنگە بیزانم.

زاهیر محەمەد: لە لایەن ئەوانیشەوە زۆر بەباشی لێمان وەرگیرا، هەموو بەرهەمەکانمان یەک لە یەکی چاکتر و ڕەسەنتر و هونەریتر بوو، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ڕەخنەیەکی گچکەش لە تیپی مۆسیقای باواجی بگرێت، چونکە هونەرێکی بەرزی پێشکەش دەکرد، هونەرەکەی لەناو دڵی جەماوەرەوە هەڵقوڵابوو، کۆیە هونەرێکی تایبەتمەندی هەیە، کە گوێت لێی دەبێ، یەکسەر دەزانی ئەوە هیی کۆیەیە.

ڕامان: سااڵنێک پێش ئێستا لە گۆڤارەکەماندا گۆشەیەکمان کردەوە، لەو گۆشەیەدا ماوەیەکی زۆر کەسانی شارەزا، لە بارەی تایبەتمەندییەکانی هونەری موزیک و گۆرانیی کوردی لە دەڤەری کۆیە دەینووسی، هەموو ئەوانەی وەک مامۆستایان باکووری، وریا ئەحمەد و ئەوانە قسەیان لەو بابەتە کرد و بیروڕای خۆیان دەربڕی، تەنانەت هونەرمەند وریا ئەحمەد بە زنجیرە وتارێک لە بارەیەوە نووسی، دواییش کردی بە کتێب، من لە گۆڤاری ڕامان زۆر بە بایەخەوە لەسەر ئەو تایبەتمەندییە وەستام، چونکە ئەو تایبەتمەندییە هونەرییەی لە کۆیە هەیە، لە کەم دەڤەر و شاری دی هەیە.. پێش ئەوەی بچینە سەر تەوەرێکی دیکە، هەر سەبارەت بە تیپەکەتان، من کاتی خۆی کە دیتم تۆ، سەلاح محەمەد، وریا ئەحمەد، جان تۆماس، سەعدوڵڵا محەمەد، سیامەند عیزەت تاهیر، هەموتان کە بەشێکی گرنگی تیپی باواجی کۆیە و ئەندامی کارا و دامەزرێنەر بوون، هەموتان کەوتبوونە شاری هەولێر، بۆیە بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێ، لەگەڵ ڕەوانشاد فەلەکەددین کاکەیی قسەم کرد و پێشنیارێکم بۆ کرد، ئیشێکی باش بکرێ ئەوەیە، ئەو هونەرمەندانە کە ئێستا لە شاری خۆیان هەڵکەندراون، تیپەکەیان (تیپی باواجی) کە بەشی هەرە بنەڕەتییان لە هەولێرن، سەرۆکی تیپەکە م. زاهیر محەمەد، لە کەرتی پەروەردەیە، دەتوانین کارێک بکەین بە بەردێک دوو چۆلەکان بەردەینەوە، یەکەم بیگوێزینەوە سەر میلاکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بیکەینە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی هەولێر کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری نەبوو، دووەمینیش ئەم هونەرمەندە کە بووە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕۆشنبیری بە دەستەوە بوو، ئەو کاتە دەسەڵاتیشی دەبێت و دەتوانێ تیپی مۆسیقای باواجی لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا ببووژێنێتەوە. گوتی من پشتیوانی لە بیروڕایەکەت

دەکـەم، ئـەوە بیرۆکەیەکـی زۆر جوانـە. ڕەوانشـاد فەلەکەددین کاکەیـی، بەهـۆی سـەرقاڵییەوە هەندێک یادگـە و بیـرەوەری باش نەبوو، نـەک هەندێک، بگرە زۆریش خـراپ بـوو، دەفتەرۆچکەیەکی هەبـوو ڕۆژانـە تێبینـی خـۆی تێـدا دەنووسـی، کـە مـن پێشـنیار و قسـەکەم بـۆی کـرد و پەسـندی کـرد، لەنـاو دەفتەرۆچکەکـەی نووسـی. پێـم داگـرت و گوتمەوە کە پێـش هەمـوو شـتێک هـەوڵ بدەیـن م. زاهیـر محەمـەد بهێنینـە سـەر میلاکـی وەزارەت و بیکەینـە بەڕێوەبەر، دواییـش قسـەی لەگـەڵ بکەیـن و یارمەتیـی بدرێ بـۆ ئـەوەی تیپەکـەی ببووژێنێتـەوە. لەبیرمـە پێـم گـوت تیپێکـی زۆر گرنگـی ئەوهـا، حـەق نییە لـە ختوخۆڕایـی نـاوی لەنـاو ناوانـدا نەمێنـێ. ئـەو پێشـنیارەکەی منـی زۆر پـێ خـۆش بـوو. لـەو کەینوبەینـەدا بوویـن مـن و بـرای بەڕێـزم فەرهـادبەڵام ئەو کارەی تۆ دەیکەی،چوونەتـە لای و لـە مزگەوتـی حەتـک عەونـی کـە لـە دەسـتەی بـاڵای زۆر هەمەگیر و تەواوە. سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان بوویـن، لـەێ هەردووکمـان نوێنـەری پارتـی بوویـن، ئەوانـی دیکـەش هـەر یەکەیـان لەلایەکـەوە هاتبـوون و نوێنـەری حزبێـک بـوون. ڕۆژێـک لـە قرچـەی گەرمـای هاویـن فرەنسـۆ هەریـری هاتـە لامـان، دنیـا زۆر گـەرم بـوو، بـەڵام ئێمـە دەوامـمـان هەبـوو، ئاخـر سـەعات چـوار و چـوار و نیـو و پێنـج، لـە مانگـی ئـاب و تەممـوز لـە هەولێـر زۆر گەرمـە، ئێمـە کـە لـەێ دەوامـمـان هەبـوو، ئەوەنـدەم زانـی لێمـان بـەژووڕێ کـەوت، ئاخـر فرەنسـۆ هەریـری زوو زوو دەهاتـە لامـان، کـە هـات سـڵاوی کـرد و گوتـی وەڵـڵا زۆر چـاک بـوو هـەردوو کۆیـی لێـرەن، پرسـیارێکتان لـێ دەکـەم پێـم خۆشـە ڕاشـکاوانە وەڵامم بدەنـەوە، گوتی ئێمـە وەک پارتـی کاتـی خـۆی نـاوی سـەد کەسـمان لەنـاو لیسـتی پاڵێوراوەکانمـان بـۆ هەڵبـژاردن دانـا، تـا ببنـە ئەنـدام پەرلەمـان، پەنجایـان لـە سـەرەوە بـوون، ئـەو پەنجایـە خەریکـە لەبـەر ئـەوەی هەندێکیـان چوونەتـە حکوومـەت، هەندێکیـان چوونـە ئەورووپـا، هەندێکیـان لـێ مـردوون، ئێسـتا دەمانـەوێ چەنـد کەسـێک بێنینـە سـەرێ و بیانخەینـە جێگـەی ئەوانـە، یـەک لەوانـە نـاوی تـۆی هێنـا، داوای لـێ کردیـن بیرووڕامـان لەسـەر تـۆ بڵێیـن. لـە پێشـەوە مـن گوتـم، ئێمـە کۆییـن و بەباشـی یەکتـر دەناسـین، بێجگـە لـەوەی ئەندامانـی ئـەو خانەوادەیـە هەموویـان هونەرمەنـدن، باوکیشـیان شـاعیرێکی ناسـراوی کۆیـە بـووە، مـەلا محەمـەدی دلاوەر لـە کۆیـە بەناوبانگـە، پیاویکـی نیشـتمانپەروەر و کوردپـەروەر بـووە، کاتـی خـۆی مزگەوتەکـەی کردبـووە شـوێنی دااڵدەدانـی نیشـتمانپەروەران، باوکـم و هاوڕێکانـی کـە لـە کۆیە خۆپشـاندانیان کـردووە، دواتـر لـە ترسـی گرتـن خۆیـان شـاردووەتەوە، ئـەو پیـاوە ئایینییـە کوردپـەروەرە هەموویانـی دااڵـدە داوە و شـاردووەتەوە، باسـی ئـەوەم بـۆ کـرد کـە ئەوانـە هونەرمەنـدن، زۆر لەجێـی خۆیەتـی هیـچ نەبـێ لـە لیژنـەی ڕۆشـنبیریی پەرلەمـان سـوودی لـێ وەرگـرن. بەڕێـز (فەرهـاد عەونی)یش کـە دیتـی بـەو حەماسـەتە قسـە دەکـەم، ئەویـش پاڵپشـتی لـە قسـەکانم کـرد و هێنـدەی دی قسـەی باش و خێـری بـۆ کـردی، ئـەوە بـوو فرەنسـۆ هەریـری گوتـی زۆر چاکـە، پێـم خـۆش بـوو بیـرووڕای ئێـوەم زانـی، ئیتـر دوای قسـەکانمان، زۆری نەبـرد بوویتـە ئەندامـی پەرلەمـان، بەبـێ ئـەوەی تـۆ پـێ بزانـی ئەوەمـان بـۆ کـردی، ئـەوە یەکـەم جـارە بۆتـی باس دەکـەم.

زاهیـر محەمـەد: هـەر ئـەو کاتـە فەرهـاد عەونـی تەلەفۆنـی بـۆ کـردم.

ڕامـان: ڕێـک مـن و ئـەو بوویـن، هەردووکمـان لـە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان دانیشـتبووین کـە ئـەو

به داخەوە یاداشتەکانی خۆم نەنووسیوەتەوە، ئێستاش تاقەتم نییە بیاننووسمەوە،

پرسیارەی لێ کردین، پێشمان خۆش بوو گوێ لە ئێمە گیرا، هەمیشە ئیش ئەوها بێ باشە، نەزانرێت کێ کردوویەتی، تۆ شایانی ئەو شوێنە بووی.. کە بوویتە ئەندام پەرلەمان توانیت لە لیژنەی ڕۆشنبیری هیچ کارێک بکەی، دەستت کراوە بوو، ئەوەمان بۆ باس بکە؟

زاهیر محەمەد: لیژنەی هونەریمان نەبوو، ئەو وەختی لیژنەی ڕۆشنبیری و پێوەندییەکانی دەرەوەمان هەبوو، هونەرمەند ئەحمەد سالار سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو، منیش سکرتێری لیژنەکە و بڕیاردەری بووم، دوایی هەر سێ مانگ جارێک لیژنەکان دەگۆڕان، ماوەیەکی زۆر من لە لیژنەی پێوەندییەکان و ڕۆشنبیری بووم، دواییش داوایان کرد هەر ئەندامێک لە دوو لیژنە، یان دەتوانێ هەندێ جار لە لیژنەی زیاتریش ئەندام بێ، بۆیە دوایی چوومە لیژنەی پەروەردە، کە شێخ عەفان نەقشبەندی سەرۆکی بوو، هەروەها لە لیژنەی تەندروستی کە مام شەفیق ئەمین سەرسپی سەرۆکی بوو، ئەندام بووم.

ڕامان: کە لە لیژنەی ڕۆشنبیری و پێوەندییەکان بووی، چیتان بۆ هونەرمەندەکان کرد؟

زاهیر محەمەد: کە لە لیژنەی پێوەندییەکان و ڕۆشنبیری بووم، فرەنسۆ هەریری داوای لێ کردین، لەگەڵ ئەحمەد سالار پڕۆژەی پەیڕەو و پڕۆگرامی سەندیکای هونەرمەندان ئامادە بکەین کە ئێستاکە لە سەندیکای هونەرمەندان هەیە، بڕۆن تەماشای ناو فایلەکان بکەن، ئەگەر مابن، دەبینی هەموو ڕەشنووسەکان بە دەستخەتی من نووسراون، بێگومان لەلای خۆیان، لەناو فایلەکانیان پاراستوویانن، ئەوە هەمووی ئێمە نووسیومانەتەوە، دواییش لەگەڵ لیژنەی یاسا، کرا بە یاسا و لە پەرلەمان پەسەند کرا، هەر ئەوەش کراوە بە پەیڕەو و پڕۆگرامی ئەو



هەولێر (بینای پەرلەمانی کوردستان)، ٢٠٠١/١١/١٤، هونەرمەندانی سلێمانی بۆ ئاهەنگێک هاتبوون، بەو بۆنەیەوە د. ڕۆژ نووری شاوەیس میواندارى کردین. لە ڕاستەوە: ئەنوەر قەرەداغی، زاهیر محەمەد، حەمەجەزا، جان تۆماس، ئەحمەد سالار.

سەندیکای هونەرمەندانەی ئێستا هەیە.

ڕامان: کەواتە تۆ لە دەرچوواندنی ئەو یاسایەدا دەورت هەبووە؟

زاهیر محەمەد: من و ئەحمەد سالار دەورمان هەبوو، هەموو کارەکانیش من دەمکردن، ئەحمەد سالار سەرۆک بوو، ئەو تەنیا ئیمزای دەکرد.

ڕامان: ئیدی خرایە دانگدانەوە و دەنگی هێنا؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، دەنگی هێنا و پەسند کرا.

ڕامان: دوایی بووە پڕۆژەیەکی یاسایی؟

زاهیر محەمەد: بەو یاسایە سەندیکای هونەرمەندان بووە سەندیکایەکی ڕەسمی، ئاخر یەکەم جار بە دەستخەت دەماننووسییەوە، ئەوجا دوایی پڕۆژەکەمان دەدایە چاپ، بەڵام لەناو فایلەکاندا هەڵدەگیرا، من فایلی خۆم هەبوو، کتێبخانەیەکی گچکە، هەموو فایلەکانی تێدا بوو، دوایی ژووری من بووە هیی شێخ ئاخر جەمال، چونکە کە بووە ئەندام پەرلەمان، چووبووە ئەو ژوورەی منی لێ بووم و فایلەکانی دیبوو، کە بینیم گوتی ئەوە چیت کردووە؟ ئەوجا خەتیشم نەرم بوو، دەستخەتم

خۆشە، بابەتەکانم بە خەتخۆشی دەنووسییەوە.

ڕامان: بێجگە لەو پڕۆژەیاسایەی سەندیکای هونەرمەندان، چی دیکەتان بۆ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی بواری کولتووری و ئەدەبی دی کرد؟

زاهیر محەمەد: یەک جار فرەنسۆ هەریری داوای لێ کردین، هەندێک لە هونەرمەندەکانی بواری مۆسیقای هەولێر، کە ئەو کاتی لە هۆڵی گەل، ئەوەی جەماوەری هەبوو.

ڕامان: جەماوەری نەبوو، لەوانەیە مەبەستت بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر بێ؟

زاهیر محەمەد: ڕۆشنبیری و شتێکی وا بوو، تیپی مۆسیقایان هەبوو.

ڕامان: ئەها، ئەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر بوو، ئەو کاتە عەبدولکەریم فندی یەحیا، ماوەیەکیش شەماڵ حەوێزی بەڕێوەبەری گشتی بوون.

زاهیر محەمەد: بێ لەوەی لە هۆڵی گەل؟

ڕامان: بەڵێ، ئاخر ئەوانە هەموویان، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر بوون، شێرزاد سەرسپی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی مۆسیقا بوو.

زاهیر محەمەد: بەڵێ، لەگەڵ هەندێک مۆسیقاژەن و هونەرمەند، لە هۆڵی پەرلەمان، لە هۆڵەکەی پێشەوە کە وێنەکەی بارزانی لێ داندراوە، لەبەردەمی وێنەکە هەموو وێنەگر و فۆتۆگرافەرەکان، تەنانەت وێنەگری سینەمایی و تەلەفزیۆنی و ئەوانی دی هاتن، سروودی (ئەی ڕەقیب)مان تۆمار کرد، هەر ئەوەندەمان پێ کرا، کاری هونەری دیکەمان نەبوو، منیش لەگەڵ ئەوان دانیشتم و کەوتمە ژەنین.

ڕامان: تۆمارکردنی سەرلەنوێی سروودی (ئەی ڕەقیب)، چ لێ زیادکردنێکی تێدا بوو، لە ڕووی دابەشکردنی مۆسیقاوە، هیچ دەستکاری و نوێکردنەوەیەکی تێدا کرابوو؟

زاهیر محەمەد: ئێمە تەنیا ئامادەمان کردبوو، یەک دوو کەسیش کۆرس بوون و دەیانگوتەوە، هیچی نوێی تێدا نەبوو، هەر بۆ وێنەگرتنەکە بوو، بۆ ئەوە بوو لەبەردەمی وێنە گەورەکەی بارزانی دووبارەی بکەینەوە، (فرەنسۆ هەریری)ش لەپێشەوە بۆ خۆی پیاسەی دەکرد، بەڕاستی فرەنسۆ هەریری پیاوێکی گەورە بوو، کۆمپیوتەر بوو.

ڕامان: پێش ئەوەی لە پەرلەمان یەکتر ببینن، لە کەیەوە (فرەنسۆ هەریری)ت ناسیوە؟

زاهیر محەمەد: دوای ڕاپەڕین هێشتا ڕێکخستنەکانی حزب بە چاکی نەکەتبوونە کار، بەتایبەت لیژنەی ناوچەی کۆیە، بروسکەیەکیان بۆ ناردین، گوتیان وەرن لە شەقلاوە کۆبوونەوەیەکتان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەیە، کۆبوونەوەکە لە هۆتێلە گەورەکەی شەقلاوە بوو، لە کۆیەوە من و فەرهاد عەونی و عەبدولڕزاق بێتووشی چووین.

ڕامان: بۆ عەبدولڕەزاق بێتووشی سەرەتا پارتی بوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، یەکەم جار پارتی بوو.

ڕامان: دوایی بووە یەکێتی و لە کۆیە بەشی کۆمەڵایەتییەکەی بەڕێوە دەبرد؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، با ئەوەشت بۆ بگێڕمەوە چۆن بووە یەکێتی، ئەو سێیەمان لە کۆیەوە هاتین، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دانیشتبوون، بەڕێزان: جەنابی سەرۆک، نێچیرڤان بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا و فازڵ میرانی بوون، ئیدی خەڵکێکی زۆریش بەپێز دانیشتبوون، هەریەکەو لەلای خۆیەوە قسەی دەکرد، باسی ئەوە بوو چۆن ڕێکخراوەکان دروست بکەین، هێشتا لیژنەی ناوچە لە کۆیە دانەمەزرابوو، (فەرەنسۆ هەریری)ش دەهات و دەڕۆیی، ئەو بە پێوە بوو، دانەنیشتبوو، دوای هەموان ئەو قسەی کرد.

ڕامان: لەبیرتە قسەکانی چی بوون؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، کە قسەی کرد، نێچیرڤان بارزانی گوتی ئەوەش کۆمپیووتەری حزب، ئەوجا هەرواش بوو، کۆمپیووتەر بوو، هەموو شتێکی بە وردی لەبیر بوو، کەسێکی زۆر سەیر بوو.

ڕامان: ئەی ناسینی فرەنسۆ هەریری بۆ چ ساڵێک دەگەڕێتەوە؟

زاهیر محەمەد: لەبیرمە لە ساڵانی حەفتاکان و دوای ڕێککەوتنی یازدەی ئادار، ڕۆژێک من هاتمە گەڵاڵە، ماڵی عەبدولڕەزاق بێتووشی لەوێ بوو، کوڕێکی دەنگخۆشیش کە خەڵکی کەرکووک بوو، تاهیر نەجمەددین لەگەڵم بوو، لە دانانی وێستگەی کارەبای کۆیە ئەو سەرپەرشتیاری بوو، وەک دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی کاری تێدا کرد، دەنگی یەکجار زۆر خۆش بوو، ئەویش گوتی منیش لەگەڵت دێم، بەڵام دەبێ پارەی ڕێگا و خەرجیی هاتنەکەم بۆ بدەی، گوتم باشە. کە هاتم ئەو ڕۆژە بۆ وەرگرتنی سلفە، فۆرمێکم پێشکەشی پەروەردەی هەولێر کردبوو، لەبەر ئەوەی بەو فۆرمە یارمەتی پارەت وەردەگرت، ئەوە بوو سەد دینارم وەرگرت، گوتم هەر باشە، لەگەڵ خۆم بردم و هەندێک کەلوپەلیشمان کڕی، شەوێ لە ماڵی عەبدولڕەزاق بێتووشی ماینەوە، ئەو کۆڕە گۆرانیی گوت، فرەنسۆ هەریری هاتبوو لەگەڵمان دانیشتبوو، لێی پرسیم ئەوە کێیە؟ گوتم ئەوە کەرکووکییە و برادەری مولازم تاریقە، کە پێشمەرگەیەکی گرنگ بوو، ئەویش کەرکووکی بوو، لە بەرتەکیە ماڵیان لە تەنیشت یەکەوە بوو، کە هات گوتی بەو مەرجە دێم من دەمەوێ فاخر مێرگەسووری ببینم، شەوێ کە دانیشتین، کاتی ڕۆیشتن، فرەنسۆ هەریری بانگی کردم، گوتی ئەو کۆڕە کاغەزی مولازم تاریق-ی بۆ فاخر مێرگەسووری پێیە؟ ئاخر مولازم تاریق هاتبووەوە ناو حکوومەت، فرەنسۆ هەریری هێندە زیرەک بوو، سبەینێ پێش ئەوەی بێینەوە هەولێر، چووینە مەکتەبی سیاسی، لەوێ تەلەفۆنیان کرد، دەرکەوت کاغەزی بۆ فاخر مێرگەسووری هێنابوو، ئەوان پێکەوە پیاسەیان دەکرد، منیش لەولا ڕاوەستابووم، دوای ئەوەی هەندێک پیاسەیان کرد و کاغەزەکەی دایە، دوایی هاتینەوە کۆیە، ئەوجا لە پەرلەمان ڕۆژێک ئەوەم بەبیری (فەرەنسۆ هەریری) هێنایەوە، گوتی ئەو شەوەت لەبیرە کە لە ماڵی عەبدولڕەزاق بێتووشی دانیشتین گۆرانی گوترا؟

تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ڕەخنەیەکی گچکەش لە تیپی باواجی بگرێ، هیچ خەڵاتێکی سەردەمی دیکتاتۆریەتیشم وەرنەگرتووە.

ڕامان: ئەوە ماڵی عەبدولڕەزاق بێتووشی بوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، ئاخر شەوەکەی لە ماڵی ئەوان دانیشتین، لەگەڵ ئێمە مەیلەوخزمە، پاشان بووە ئەندامی ناوچە و بەرپرسی ناوچەی کۆیە، دوایی لەبەر مولکەکانی، کە هەندێک مولکی هەبوو، بووە یەکێتی، دەنا وەنەبێ بەبیر و باوەڕ بووبێ. دوای ڕاپەڕین کە سەرۆک مەسعود بارزانی هاتە کۆیە و وتاری پێشکەش کرد، گوتی دەبێ پەرلەمان و حکوومەتمان هەبێ، عەبدولڕەزاق بێتووشی لە سەربانی ماڵەکەیان، ڕێک بەرانبەر ئەو بینایە بوو کە سەرۆک لەوێ وەستابوو قسەی دەکرد، فرەنسۆ هەریری بە میکرۆفۆن بانگی کرد و گوتی عەبدولڕەزاق بێتووشی بێتە ئێرە. ئەوان ماڵیان بەرانبەر بیناکە بوو، ئەوە بوو هات، چوو لە تەنیشت جەنابی سەرۆک ڕاوەستا.

ڕامان: ئێستا واز لە سیاسەت بێنە، ئیشمان بە سیاسەت نییە، سیاسەت شوێنی زۆری هەیە، ئیشەکەی ئێمە پتر هونەری، ئەدەبی، پژشنبیری و میژوویە، لە بارەی ئەم بابەتانەوە قسەمان بۆ بکە.

زاهیر محەمەد: ئەوە تەنیا بۆ میژووە، لەسەر قسەکەی فرەنسۆ هەریری هێنامەوە.

ڕامان: ڕەوانشاد فرەنسۆ هەریری شتی زۆرە، من تەنیا لە شوێنێک ناوم هێنا کە پێوەندی بە ئەدەب و هونەر و پژشنبیرییەوە هەبوو، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە تۆوە هەبوو.. باشە تۆ هەوڵت نەداوە بیرەوەرییەکانت بنووسیتەوە؟

زاهیر محەمەد: نەخێر، بە شێوەیەکی گشتی نەمنووسیوەتەوە، بە پچڕ پچڕی، هەر جارەی کە بۆ گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک، یان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی داوای بابەتێکم لێ کرابێ، هەندێ شتم باس کردووە، بەڵام بە گشتی باسم کردووە، بە داخەوە یاداشتەکانی خۆم نەنووسیوەتەوە، ئێستاش تاقەتم نییە بیاننووسمەوە، ئەو کارەی ئێستا تۆ دەیکەی، وەک عەرەب دەڵێ زۆر هەمەگیر و تەواوە- شامل و کاملە، گشتگیرە و لە جیاتی یاداشت نووسینەوەیە.

ڕامان: بێجگە لەو هەموو قسانەی بۆ ئێمەت کرد، ئەوە بۆ حەفت هەشت سەعاتێک دەچێ قسە دەکەین، هەست دەکەی بەتەواوی قسەی دڵی خۆت کردبێ؟ یان بە تێروتەسەلی قسەی خۆت کردووە؟

زاهیر محەمەد: لەوانەیە هەموو قسەی دڵی خۆم نەکردبێ.

ڕامان: مەبەستت لە قسەکانی نەتکردوون سیاسەتە، کە من نامەوێ زۆر بچینە ناوییەوە؟

زاهیر محەمەد: ئەوەی کە ئێستاکە ماوە سیاسەتە، ئاخر سیاسەت لەگەڵ هەموو شتێکی ژیانمان تێکەڵ بووە.

ڕامان: ڕاستە، بەڵام گۆڤاری ئێمە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییە، سیاسەت بواری قسەکردنی زۆرتری دەوێ و شوێنی خۆی هەیە، دەکرێ دوایی داوا لە ڕۆژنامەنووسێک بکرێ گفتوگۆیەکت لەگەڵ بکا و لەوێ تەنیا لایەنە سیاسییەکانی خۆتی بۆ باس بکەی، بەڵام ئەوەی لەلای من گرنگە، پتر لایەنە هونەرییەکەی تۆیە، یان میژووی هونەرە لە شاری کۆیە، یان وێستگەکانی ژیانت لە بواری هونەریدا چ بووە؟

زاهیر محەمەد: خۆشم زیاتر لایەنە هونەرییەکەم مەبەستە، بێجگە لەوەی دەرچووی هونەرە جوانەکانیشم، هەروەها میژووەکەم لە کۆیە، لەگەڵ تیپی باواجی بوو، تیپی مۆسیقای باواجی من داممەزراند، تەنانەت ئەندامەکانیشی من دەستنیشانم کردوون و هێناومن، ئەو کاتی ئەنوەر تاهیر لە کەرکووک مامۆستا بوو، دوایی هاتەوە، سەردار ئەحمەد لە هەولێر بوو، هونەرمەندەکانی دی وریا ئەحمەد تازە خوێندنی تەواو کردبوو و هێشتا دانەمەزرابوو، لە گوندان لە دوور دامەزرا بوو، دوایی من هێنامەوە نزیکی کۆیە.

ڕامان: چۆنت هێنایەوە نزیکی کۆیە؟

زاهیر محەمەد: لە (کێڵە خوارێ) بوو، بە هۆی م. محەمەد حەوێز حەمەڕەش-ی خۆمان کە بووە بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر، چوومە لای و پێم گوت ئەوە هونەرمەندە و دەبێ لێمان نزیک بێ، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە ڕاهێنانمان هەیە. گوتی ئاخر ئەوە تازە دەرچووە، چۆن بیهێنمەوە؟ دواجار ڕەزامەندی داو هێنایە کێڵە خوارێ، کە هەر لەلای کۆیەیە، دوایی ئەوانی دیکەمان هێنایەوە کۆیە.

ڕامان: دەڵێی کارەکانی تیپەکە هەمووی من ڕامپەڕاندوون، کارەکان چی بوون؟

زاهیر محەمەد: ئێستا بڕۆ تەماشای ئەرشیڤی تیپەکە بکە، هەمووی بە دەستخەتی من نووسراون، هەر من بووم بۆ سلێمانی چووم، پەیڕەو و پرۆگرامم پەیدا کرد و بە گوێرەی ئیشکردنەکان هەندێک بڕگەم بۆ زیاد کرد، پاشان پێشکەشی قایمقامییەتی بکە، تا قایمقامییەت بینێرێتە هەولێر بۆ کۆمەڵەکان- جەمعییات، ئەو کاتی ساڵح خۆشناو-یەک هەبوو، لە پارێزگا بەرپرسی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بوو، پیاوێکی زۆر باش بوو، زۆر یارمەتی دەدام، قەت ئیشەکانی منی دوا نەدەخست.

ڕامان: ئەوە لە ساڵانی حەفتاکان و لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار بوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، ئێمە لە حەفتاکانەوە دەستمان پێ کرد، ئەو کاتی قایمقام عەلی سلێمان بەهاری، پیاوێکی زۆر باش و شاعیریش بوو، ئێستاش شیعری ئەوم هەیە، ئەو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتەکەمان زۆر یارمەتی دام، ئەویش هیچ شتێکی ئێمەی دوا نەدەخست. یەکسەر پشتگیری دەکردین و بۆی دەناردین، لە هەولێریشەوە ئەو ساڵح خۆشناوە بۆی ئامادە دەکردم و نووسراو هەبووایە دەیدامێ و دەمبردە بەغدا، لە بەغداش بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن، ئەو کاتیش جەلال بێتووشی هاتبووەوە و لە بەغدا یارمەتی دەدام.

ڕامان: ئەرێ بەڕاست جەلال بێتووشی چی (عەبدولڕەزاق بێتووشی)یە؟

زاهیر محەمەد: ئامۆزان، ئەویش زۆر یارمەتی داوم، بەڕێوەبەری گشتی بوو، دوو جاران چوومە لای، جارێکیان پێکەوە چووینە لای محەمەد سەعید سەحاف، جاری دووەم نازانم هەر ئەو بوو، یان وەزیرێکی دیکە بوو، کرابووە وەزیری ڕاگەیاندن، پێکەوە چووین بۆ لای محەمەد سەعید سەحاف و پێی گوت، لە کۆیە کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم هەن، کۆیە قەزایەکە، سەر بە هەولێرە، ئەو لاوانە هەموویان هونەرمەندن، دەیانەوێ تیپێک دابمەزرێنن، زۆری پێ خۆش بوو.

ڕامان: ئەوجا چی بۆ کردن؟، چونکە محەمەد سەعید سەحاف بە کەسێکی بێ بەڵێن و فشەکەر ناسراوە.

زاهیر محەمەد: گوتی چی پێویستە بۆیان بکەن، ئاسانکارییان بۆ بکەن، هەرواش بوو، زۆر ئاسانکارییان بۆ کردین، دەنا هەندێک مەرج هەبوون، ئەوان بەسەریاندا بازیان دا، دوا مەرج پێیان گوتین دەبێ سێ کەستان دەرچووی هونەر بن، ئێمە سێ کەسمان دەرچووی هونەر بووین، دەبوو پێنج ساڵ زیاتر خزمەتی هەبێ، لەو پێنج ساڵەدا من و ئەنوەر تاهیر بووین، ئێمە دوو کەسمان دەرچووی مۆسیقاین، بەڵام یەکێکی دیمان هەیە لەگەڵ ئێمە دەرچووی بەشی ڕەسمە. گوتیان مادام دەرچووی هونەرە، ئەویش دەبێ.

ڕامان: سێیەم کەسەکە هونەرمەند کەریم حەمەد بوو کە داوات لێکردبوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، ئەوجا داوام لە کەریم حەمەد کرد، ئاخر دەبوو باوەڕنامەی دەرچوونمان پێشکەش بکردبایە، داوام لێ کرد کە بۆ مۆڵەتی تیپی باواجی داوای سێ کەسیان کردووە، ئێمە دوو کەسین، تۆش ئەگەر ڕازی بیت پێمان باشە. گوتی من پێم خۆشە یارمەتیتان بدەم، بەڵام بۆ وەرگرتنی باوەڕنامەکە ناچمە بەغدا، کە دەبووایە لە پەیمانگە وەری بگرین، گوتم قەیدی نییە تۆ مەچۆ، جارێک ئەنوەر تاهیر چووە بەغدا و باوەڕنامەی هەموومانی هێنایەوەو ئامێرێکی قانوونیشی کڕی، لەبیرمە ٤٥ دیناری

سویسریمان هەبوو.

ڕامان: تیپەکەتان هەر ئەوەندە پارەیەی هەبوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، ئەوەندەمان کۆکردبووەوە، ئاخر هێشتا نەبووبوینە تیپێکی ڕەسمی، ئەوەش هیی هەندێ ئابوونەی مانگانەی ئەندامان، یان داهاتی هەندێک ئاهەنگمان بوو، بەو شێوەیە هەندێک پارەمان کۆکردبووەوە و دامان نابوو، ٤٥ دینارەکەمان دایە ئەنوەر تاهیر، پێنج دینار بۆ خەرجیی خۆی، ئاخر لە حەفتاکان پێنج دیناری سویسری گەلێک زۆر بوو، قانوونێکیشی بە چل دینار لە مامۆستاکەی خۆی کڕی، ئەوەی کە پێشتر مامۆستای بوو، قانوونێکی بۆ تیپ کڕی، ئەو سەفەرەی بەغدا ئەو کردی، کارەکانی دیکە هەمووی من کردمن، لەسەر گیرفانی خۆشم ئیشەکانم دەکرد، بۆ یەک جاریش پارەم لە تیپ وەرنەگرتووە.

ڕامان: کارەکانت لەسەر خەرجیی خۆت ڕادەپەڕاند؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، لەسەر خەرجیی خۆم وەرە و بڕۆ، دەبووایە بێمە ڕێکخراوەکان- جمعیات لە پارێزگا، لە هەولێر نووسراو بکەن و بچمە بەغدا، لە بەغدا شەوێک، یان زیاتر دەمامەوە، زۆربەی جاریش لە ماڵی جەلال بێتووشی دەمامەوە، تا مۆڵەتەکەمان وەرگرت.

ڕامان: کە مۆڵەتی تیپەکەتان وەرگیرا، ئەو کاتە لە کوێ بووی، چۆن هەواڵەکەت پێ گەیشت؟

زاهیر محەمەد: بەیانییەک کە لە قوتابخانە بووم، عەبدولڕەحمان شوانی پۆستەچی بوو، هاتە لام و گوتی بڕووسکەیەکی زۆر گرنگم بۆ هێناوی، هەموو مامۆستاکان دانیشتبوون، ئەو کاتەی ئەو هات پشووبوو، بڕووسکەکەی دایە دەستم، کە تەماشام کرد بینیم جەلال بێتووشی لە بەغداوە بۆی ناردبووم، لە بڕووسکەکەدا دەڵێ مۆڵەتی تیپەکەتان بە ژمارە ١٣٢، لە ١ی ٣ی ١٩٧٢ دەرچووە، لەمەولا دەست بە چالاکی خۆتان بکەن، منیش بۆ مامۆستاکانم خوێندەوە، بوو بە چەپڵەلێدانێک هەر مەپرسە، قوتابییەکان سەریان سووڕ مابوو، گوتبوویان ئەوە لە ژووری مامۆستایان چی بووە چەپڵەڕێزانە، هەر ئەو کاتە پێیان گوتم بۆ وانەوتنەوە مەچۆ، بڕۆ بە جەماعەکەت بڵێ و کۆیان بکەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە دەستمان بە ئیش کرد.

ڕامان: بە بۆنەی دەرچوونی مۆڵەتەکەتان هیچ ئاهەنگێکتان نەگێڕا؟

زاهیر محەمەد: زۆر ئاهەنگمان کرد.

ڕامان: ئەوانە ئاهەنگی جەماوەری بوون، ئاهەنگەکان چۆن بوون؟

زاهیر محەمەد: ئاهەنگی جەماوەری بوون، بەتایبەت لە حەوشی دواناوەندیی کۆیە، کە حەوشێکی گەورە بوو، ئیتر زۆر شادمان و دڵخۆش بووین.

ڕامان: مۆڵەتی تیپەکەتان کە لە ساڵی ١٩٧٢ وەرگیراوە و پاش دوو ساڵ شەڕ دەستی پێکردەوە، چۆن بەو دوو ساڵە فریای ئەم هەموو چالاکییە کەوتن؟

زاهیر محەمەد: ساڵی ١٩٧٤ هەندێک لە ئەندامەکانمان چوونە دەرەوە، ئێمە پێشتر هەڵبژاردنمان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی تیپ کردبوو، من هەموو کارەکانم ڕادەپەڕاند، بۆ هەڵبژاردنی سەرلەنوێی دەستەی بەڕێوەبەر، حاکم بەهجەت محەمەد حەسەن بابان-م بانگ کرد، دەبووایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بێتە ناو مەحزەرەوە و دادوەر نامە بنووسێ و ئیمزای بکا.

ڕامان: که هاتنەوە ئەم هەڵبژاردنە کرا؟

زاهیر محەمەد: پێش ئەوەی ئەو چەند برادەرە بچنە دەرێ، هەڵبژاردنەکەمان کرد، دواتر کە ئەوان چوونە دەرێ، من خۆم کێشایەوە، گوتم هەرچەندە من دەنگی یەکەمیشم هێنابێ، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی پۆستەکان گوتیان نابێ تۆ سەرۆکی تیپەکە بی. گوتم باشە با وابێ، ئیدی سەردار ئەحمەد کرایە سەرۆکی تیپەکە.

ڕامان: لەپاش هەڵبژاردن هیچ پۆستێکت لە تیپەکە وەرنەگرت؟

زاهیر محەمەد: نەخێر، گوتیان تۆ ببە ژمێریار. گوتم نایکەم. گوتیان ببە بەڕێوەبەری هونەری. گوتم نایکەم. گوتم دەبمە یەدەگ- ئیحتیات، گوتیان نابێ. گوتم تازە مادام ئەوەتان لەگەڵ کردم، ئیدی ببڕای ببڕ ئیشتان لەگەڵ ناکەم، زۆریش تووڕە بووم، لە داخان هەموو لەشم دەلەرزی، هەستام چووم دەستوچاوم شووشت و هاتمەوە، هەموو نووسینەکەشم دایە ئازاد بیلال بەهائەددین، ئاخر ئەو خۆشنووسە، پێم گوت وەرە تۆ مەحزەرەکە بنووسە.

ڕامان: مەحزەرەکە نووسراو تۆ ڕۆیشتی؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، یەکسەر دەستم دایە کەمانەکەم و گوتم ئەوە دەڕۆم. ئەوان ئەرکەکانیان لە نێوان خۆیان دابەش کرد، منیش هەستام و هاتمە دەرێ، ئەنوەر تاهیر تووشی نەخۆشیی ئینفیسالّی شەخسی پێ دەلّێن بووبوو، زۆر دەترسا.

ڕامان: ئەو نەخۆشییە ئینفسام شەخسی، شیزۆفرنیای پێ دەلّێن.

زاهیر محەمەد: ئەو ماوەیە ئەرکەکان هەمووی بە ملی ئەو داهاتن، من دەستم لە کارکێشایەوە، گوتم تازە لەو تیپە ئیش ناکەم، ئەوانیش چوونە شاخ.

ڕامان: باشە هۆکاری ئەو پەراوێزخستن و حەساسییەتە لە بەرانبەرت چ بوو، خۆ ئێوە هەموو هونەرمەند و هاوڕێی یەکدی بوون؟

زاهیر محەمەد: نازانم، ئیتر هەمووی بە مل ئەنوەر تاهیر داهات، بارەگا و ئامێرەکان و هەموو ئەرکەکان بەو سپێردران، ئەویش زۆر لە بەعس و ئەمن دەترسا، ژنەکەشی کەرکووکییە، پۆژێکی چووبووە کەرکووک، گوتبووی من هیچ ئیش ناکەم و دەترسم.

ڕامان: ئەوەی بۆ کێ گێڕابووەوە؟

زاهیر محەمەد: بۆ ڕەمەزان زامدار هەیە، ئێستاش لە کەرکووکە، شاعیرە و کلارنێتیش لێ دەدا، زۆر برادەری بوو، ستۆدیۆی وێنەی فۆتۆگرافی هەیە، بۆ ئەوی گێڕابووەوە و گوتبووی وەرە تەگبیرێکم بۆ بکە، من چ بکەم، کارەکەم پێ جێبەجێ ناکرێ.

ڕامان: باشە ڕەمەزان زامدار چ دەسەلاتێکی هەبوو، چی پێ دەکرا؟

زاهیر محەمەد: ئەو نووسراوێکی بۆ نووسیبوو، گوتبووی ئەوانە چوونەتە دەرێ و تیپەکە هیچ کەسی لێ نەماوە، باشترە هەڵی بوەشێننەوە، نووسراوەکەیان بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغدا ناردبوو، ئێستاش نووسراوەکە لە وەزارەت ماوە، وەزارەتیش وەلامی دابووەوە و دەڵێ لاریمان نییە، لەبەر ئەوەی دوو کەس لە دەستەی بەڕێوەبردن پێوەندییان بە موتەمەڕدینەوە کردووە، بۆیە تیپەکەمان هەڵوەشاندەوە، تیپی باواجی لە ساڵی ١٩٧٤وە، بۆ ماوەی نۆ ساڵان وەستا.

ڕامان: بە ڕەسمی مۆڵەتی تیپی باواجی هەڵوەشایەوە، دوای ئەوە چیت کرد، کاتی بێ ئیشی و دەست بەتاڵیت چۆن بەڕێ دەکرد؟

زاهیر محەمەد: ئەو نۆ ساڵە تیپ نەما، من و

سەردار ئەحمەد بە وانەبێژ لە مەڵبەندی لاوان- مەرکەز شەباب دەستبەکار بووین.

ڕامان: باسی وانەبێژیی خۆت و هونەرمەند سەردار ئەحمەدت لە مەڵبەندی لاوان کرد، ئێستا باسی ئەوەمان بۆ بکە، بەدرێژایی ئەو ساڵانەی ئیشت کردووە، چەند جار خەڵات کراوی؟

زاهیر محەمەد: خەڵاتی وەک چی؟

ڕامان: خەڵاتی وەک ئەوەی مەدالیات بدەنی و بەرانبەر بەخششەکانت سپاس و پێزانینت پێ بدرێ؟

زاهیر محەمەد: من تەنیا وەک مامۆستا لە قوتابخانەکان سپاسنامەم وەرگرتووە، دەنا وەکی دیکە خەڵات نەکراوم، بڵێم لەلایەن حکوومەتەوە، یان لەلایەن وەزارەتێکەوە خەڵات بکرێم.

ڕامان: لە ژیانتدا هیچ خەڵات نەکراوی، چۆن وایە، من ئاگام لە دوو خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێم هەیە؟

زاهیر محەمەد: خەڵات نەکراوم، بۆخۆشم نەمبیستووە، ئاخر هەندێک هونەرمەند لە سەردەمی ڕژێم ئۆتۆمبێلیان دانێ، من نەمویستووە و لەو خەڵاتانە خۆم بەدوور گرتووە، بەڵام لە قوتابخانە لەبەر چالاکیی و وانەگوتنەوە، سپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هاتووە، لەوانەیە بیست سپاسی عیزەددین فەیزی و شەفیق سابیر و پەروەردەم هەبێ کە بۆ پشکنین دەهاتن و سپاسیان کردووم، ئەوانەی ڕاپۆرت دەنووسن، ڕاپۆرتیان بۆ قوتابخانە و بۆ پەروەردە دەنووسی، سپاسنامە بۆ ئێمە و دەستحەقیش بۆ شەخسی خۆیان، جارێکیش شەفیق سابیر کە لە کوت بە یەکەوە بووین، ئەو وەختی پشکنەر بوو، ئێستاکە بۆت بێنم عیزەددین فەیزی، چەندان سپاسنامەی بۆم ناردووە.

ڕامان: لە سپاسنامەکانیدا چی بۆت نووسیبوو؟

زاهیر محەمەد: نووسیویەتی ئەو ئیشەی تۆ لە قوتابخانە دەیکەی، زۆر زۆر پیرۆزە، بێجگە لە وانەگوتنەوە، بێجگە لە خولکردنەوە بۆ قوتابیان، کاری هونەریشم فێر دەکردن، بێجگە لە سروودی کوردی، ئەگەر دەرفەت هەبووایە، وانەی مۆسیقا و سۆلفێج و شیعر و هەموو ئەوانەم پێ دەگوتنەوە.

ڕامان: کەواتە پێت وایە ئەو سپاسنامانە، شتێکی وا نەبوون ناویان لێ بنرێ خەڵاتکردن؟

زاهیر محەمەد: نەخێر، خەڵات نەکراوم.

ڕامان: ئەگەر خەڵاتیش کرابی، ئەوە پتر خەڵاتێکی مەعنەوی بووە.. ئەوە لە بارەی خەڵاتکردنەکەشمان زانی.

زاهیر محەمەد: بەڵام لەدوای ڕاپەڕین، لەلایەن وەزارتی ڕۆشنبیرییەوە زۆر ڕێزلێنان و سپاسنامەم ڕووبەڕوو کراوەتەوە، ئێستا هەموویان ماون، لەوانە ڕێزلێنانی فەلەکەددین کاکەیی و سامی شۆڕش و ئەوانی دیم هەیە، بەڵام ئەوانە هەمووی دوای ڕاپەڕین بوون، هیی زەمانی کۆن و پێش ڕاپەڕین هیچم نییە.

ڕامان: منیش مەبەستم لە پرسیارەکەم هەر ئەوەیە، چونکە بە گشتی باسی خەڵات و ڕێزلێنان و سپاسنامەکانم کرد، گوتم بەدرێژایی مێژووی هونەریت تا ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕینیش چەند جار خەڵات کراوی؟

زاهیر محەمەد: لە دوای ڕاپەڕین زۆرم هەیە، لەوانەیە لە دە دانە ڕێزلێنان و سپاسنامە زیاترم هەبێت.

ڕامان: دوایی بیرێکی لێ بکەرەوە، چەند جار خەڵات کراوی، خەڵاتەکان لەلایەن کێ و کێوە بوون، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی پەروەردە بووە، دوایی هەموویم پێم بڵێ، بۆ

ئەوەی باسیان بکەین و بیاننووسین.

زاهیر محەمەد: بەڵام هیی سەردەمی دیکتاتۆریەتم نییە، هەر لەلایان قەبوڵ کراویش نەبووم، لەوانەیە خۆت باش بزانی.

ڕامان: لەبیرت نەچێ، دوایی ناوی کتێبەکانیشتم بۆ بنێری، لەگەڵ ناوی ئەو لایەنانەی تۆیان خەڵات کردووە.

زاهیر محەمەد: بەڵێ، ئەگەر بتەوێ بە وێنەش بۆت دەنێرم.

ڕامان: ئەوە زۆر چاکە، ئەگەر بە وێنەش نەینێری گرنگ نییە، بەڵام بە ناو بۆم بنووسە سالّی ئەوەندە و ئەوەندە، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی ڕێزیان لە من ناوە، سالّەکەشی بنووسی گرنگە.

زاهیر محەمەد: باشە، ئەوانەم هەن و لە جام گیراون.

ڕامان: پێش ئەوەی بکەوینە ناو کەشوهەوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازار و ئەو سالّانەوە، لە سیاسەت و ڕێکخستنەکاندا، لە حزبی کوردیدا ئیشت کردووە؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، من لە سالّی ١٩٦٢وە لە کوت ئەندامی پارتی بووم، پێشتر یەک سالّ شیوعی بووم، دوایی کە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا، لەوێوە بوومە پارتی.

ڕامان: لە کوت کێ تۆی هێنایە ڕیزەکانی پارتییەوە؟

زاهیر محەمەد: لە کوت عەبدوڵڵا زێباری هەبوو، لەگەڵ ئەنوەر تۆفی، یەکێکی دیکەش هەبوو ئەوەی بیبلۆگرافیای دادەنا، مستەفا نەریمان، ئەویش لەوێ مامۆستا بوو، لە قوتابخانەیەکی نزیک دائیرەکەمان کە قوتابخانەی نەجاح-یان پێ دەگوت، لەوێ بەرپرسیارێتی کتێبخانەیان دابوویێ.

ڕامان: ئەو کاتە ئەو سەر بە چ حزبێک بوو؟

زاهیر محەمەد: ئەویش پارتی بوو، ئاخر لە دوای (٨)ی شوباتەوە، ڕێککەوتنێک لەگەڵ پارتی کرا، ئەوانە هەموویان ئاشکرا بوون.

ڕامان: چۆن و بۆچی ئاشکرا بوون؟

زاهیر محەمەد: ئەو چەند کەسەی ناوم هێنان ئاشکرا بوون، دوایی کە دۆخەکە تێک چوو، ئەوانە زۆر لە خۆیان ترسان، بەڵام پیاوێکی زۆر مەرد، کە سەرکردەیەکی بەعسی بوو، محەمەد مەحجووب ئەوەی ناوی لەناو ناواندا هەبوو.

ڕامان: محەمەد مەحجووب ئەوەی دوای هاتنی سەددام حسێن لە سێدارە درا؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، دوایی لە سێدارە درا، ئەوە خزمی عیزەت دووری بوو، محەمەد مەحجووب دووری، ئەویش لەگەڵ ئێمە مامۆستا بوو، دوایی بوو بە پارێزگاری بەسرە، پاشان بووە پارێزگاری دیالە، ئەوجا بووە وەزیری پەروەردە، ئەوە زۆر برادەرم بوو، ئەوەندە مەرد و پیاو بوو، کە دۆخەکە تێک چوو، لەدووی ناردم، لەدوو ئەوانی دیشی نارد، ئەنوەر تۆفی، عەبدوڵڵا زێباری، مستەفا نەریمان، یەکێکی دیکەشمان لەگەڵ بوو، خەڵکی دهۆک بوو، ئەوەیان ناوەکەیم لەبیر نەماوە، پارتییەکی زۆر عەجایب بوو، زۆر ئازا و چاونەترس بوو، ئێستا ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە.

ڕامان: بۆچی محەمەد مەحجووب بەدوایدا ناردن؟

زاهیر محەمەد: لە دووی ناردین، گوتی نەکەن بترسن، هەر کەسێک بە جۆرێک تەماشای کردن، یان قسەی پێ گوتن، وەرن بە من بڵێن، ئاخر محەمەد مەحجووب کە (٨)ی شوبات سەرکەوت و لە ئێزگە بڵاوکرایەوە، ئەو لە لیوای کوت بووە سەرۆکی حەرەس قەومی،

ئەو کاتی لیوایان پێ دەگوت، بارەگایان هەبوو، خەڵێکی زۆری لێ بوو، هەمیشە جلکی حەرەس قەومی لەبەر بوو، لەدووی ناردین و پێی گوتین نەکەن نیگەران بن و بترسن، یەک کەس بە جۆرێک تەماشای کردن، وەرن بە من بڵێن.

ڕامان: ئەوجا لەو کاتەدا دەوری تۆ لەناو پارتی چی بوو؟

زاهیر محەمەد: لەو کاتەدا بوومە ئەندام، بەڵام ئەندامێتییەکەم پچڕ پچڕ بوو، دۆخەکان لە پڕ دەگۆڕان، کە هاتمەوە کۆیە، سکرتێری یەکێتیی لاوانی کوردستان، سەر بە ناوچەی کۆیە بووم، ئەو کاتی عومەر حەسەن بەشیر سورچی بەرپرسی لاوان بوو، من جێگر و بەرپرسی داراییش بووم.

ڕامان: ئەوە ساڵی چەند تا چەند لە کۆیە سکرتێری یەکێتیی لاوانی کوردستان بووی؟

زاهیر محەمەد: ئەوە لە ساڵانی حەفتاکان بوو، دوای نسکۆی شۆڕشیش هەر پێوەندیمان بە پارتییەوە هەبوو، تا ڕاپەڕین بە نهێنی لەگەڵ پارتی مامەوە، لە ڕاپەڕینیش بوومە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە، دوایی بۆ پەرلەمان هەڵیانبژاردم و بوومە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان- خولی یەکەم، لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا هەر لەگەڵ پارتی ئیش دەکەم.

ڕامان: لە ژیانی سیاسیتدا، یان بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانت کە بەرانبەر نەتەوەکەت هەتبووە، چەند جار گیراوی؟

زاهیر محەمەد: قەت نەگیراوم، بەڵام زۆر ئازاریان داوم، بەتایبەت دوای ڕاپەڕین، لە دوای ڕاپەڕین مامۆستا کرا و خانووەکەم دەستی بەسەردا گیرا، خانووەکەم بەرانبەر مامۆستا جەوادی شەفیق ئاغا بوو، لەو گەڕەکەدا چاکترین خانوو هیی من بوو، داگیریان کرد، شەش ساڵ و نیو دەستیان بەسەردا گرت، کە چۆڵیشیان کرد، بە وێرانیی دایانمەوە.

ڕامان: چۆن وەرت گرتەوە، بە ئاسانی خانووەکەتیان دایەوە؟

زاهیر محەمەد: ئەو کاتە وەرم گرتەوە کە لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی ڕەوانشاد جەوهەر نامیق سالم پێک هات، ئەوە دوای پێکهاتنی پارتی و یەکێتی بوو، ئەو سەرۆکی لیژنەکە بوو، داوایەکم پێشکەش کرد کە خانووی هەموو خەڵکی و هیی ئەندامانی هەردوو حزبەکە وەرگیراوەتەوە، تەنیا هیی من نەبێ، نووسیم تا ئێستا خانووەکەیان نەداومەتەوە، دوای ئەوەی پێشتر تاڵانیشیان کردبوو، منداڵەکانم لە کۆیە مابوونەوە، ئێمە شەوێک هەموو ئەندامانی ناوچە هاتینە هەولێر، منداڵەکان هەموویان لەوێ مانەوە.

ڕامان: زانیت کێ خانووەکەتی داگیر کردبوو؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، زۆر چاک زانیم کێیە، ڕۆژێک کابرایەکی هیرانی چووبوو خانووەکەمی داگیر کردبوو، بە نیوەڕۆیەک چووبوو کە ماڵی مە یاپراغیان لێنابوو، نەیهێشتبوو نانەکەیان بخۆن، تەنانەت نەیهێشتبوو نەعل و پێڵاوەکانیان لەپێ بکەن، بە پێخواسی دەری کردبوون، ئەوانیش چووبوونە ماڵی (جەمال)ی زاوامان. ئەودەمەی ماڵەکەیان داگیر کردم و گەلێک کەلوپەلیان تاڵان کرد، شەش ساڵ و نیو داگیر کرا، دوا کەس خانووەکەم وەرگرتەوە، دواییش پارەیەکی زۆرم لێ سەرف کرد و نۆژەنم کردەوە، کە (جەمال)ی زاوامان سەرپەرشتی کرد، بە داخەوە بە کرۆنا مرد.

ڕامان: ئەو زاوایەتان جەمال کێیان پێ دەگوت؟

زاهیر محەمەد: جەمال حەمەد، ئەو سەرپەرشتی

کـرد و نۆژەنـی کـردەوە، هەواڵـی بـۆ نـاردم کـە خەریکـن دەوری خانووەکـەت دەدەن و دیسـان دەیانـەوێ داگیـری بکەنـەوە، چـی لـێ بکـەم؟ گوتـم بیفرۆشـە، زۆر بـە هـەرزان فرۆشـتم، هەرزانفرۆشـم کـرد و لـە کـۆڵ خـۆم کـردەوە، زۆریـان ئـازار دام.

ڕامـان: لـەو تەمەنـەی ئێسـتاکەت سـۆزێکت بـۆ تیپەکـەت (تیپـی مۆسـیقای باواجـی) نییـە، جارێکـی دیکـە تـێ هەڵبچیتـەوە و بیبووژێننـەوە؟

زاهیـر محەمـەد: ئێسـتا تیپـی باواجـی لـە کۆیـە هەیـە.

ڕامـان: دەزانـم تیپـی مۆسـیقای باواجـی لـە کۆیـە هەیـە، بـەڵام ئـەو جـارە خـۆت تێیـدا بەشـدار بـی، تـا وەک جـاری جـاران بـە قورسـاییەوە بێتـەوە مەیـدان؟

زاهیـر محەمـەد: ئێسـتاش ئەگـەر داوام لـێ بکـەن، خـۆم لەگەڵیـان بەشـدار دەبـم، کـە جاروبار ئاهەنـگ دەکـەن، دەچـم یارمەتییـان دەدەم و شـتێکیان بـۆ ئامـادە دەکـەم، ڕاهێنانیـان لەگـەڵ دەکـەم و بەشـدار دەبـم، بـۆ نموونـە لـە یـادی تاهیـر تۆفیـق دوو گۆرانیـم بـۆ تـارا ڕەسـوڵ و دوو گۆرانیـم بـۆ خـۆم ئامـادە کـرد.

ڕامـان: جارێـک بەرچـاوم کـەوت و گوێشـم لـێ گرتـی، لـە کۆیـە گەشـتێکت بەنـاو گۆرانییەکانـی تیپـی باواجـی و گۆرانیـی و ئیشـە هونەرییەکانـت کـرد، ئـەوە بـە پێشـنیاری ئـەوان بـوو؟

زاهیر محەمەد: کامەی دەڵێی؟

ڕامـان: کۆنسـێرتی خـۆت بـوو، کارەکـە وەک ڕێزلێنـان لـە تـۆ وابـوو، ئەندامانـی تیپەکـە دانیشـتبوون، تـۆش لەسـەر شـانۆ بـووی، هەندێـک لـە ئاوازەکانـی تۆیـان ژەنـی و گۆرانیـت گـوت.

زاهیـر محەمـەد: ئێسـتاکەش تیپـی باواجـی کار لەسـەر ئاوازەکانـی مـن دەکـەن، ئـەوەی هەیانـە، هەمـووی هـەر هیـی منـن، چیـی دیکەیـان نییـە، هـەر ئەوانـەی منـن دووبـارەی دەکەنـەوە، ئێسـتاکە تیپـی باواجـی هەیـە، هەرچەنـدە چالاکـی کـەم و سسـتە، ئـەوە بەتەمـا بووینـ لـەو بەینـە ئاهەنگێکـی گـەورە بـۆ ئازیتـا سـاز بکەیـن.

ڕامان: ئازیتا کێیە؟

زاهیـر محەمـەد: ئازیتـا کچـە کوردێکـی ڕۆژهەڵاتـە، دەنگـی زۆر خۆشـە، لەگـەڵ براکـەی کـە نـاوی ئاسـۆیە، بەتەمـای ئـەو کارە بووینـ، مـن شـازدە گۆرانیـم بـۆ ئامـادە کـردن، ئێسـتاش تیپـی باواجـی ڕاهێنانیـان تێـدا دەکـەن، بـەڵام لەبـەر ئـەو قەیرانـی دارایـە، ڕاهێنـان ڕاوەسـتا، ئێمـە چووینـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بـۆ لای ئاریـان سـەلاحەددین، هەمـوو نووسـراوەکانی بـۆ نووسـین و ڕەزامەنـدی بـۆ وەرگـرت، بـەڵام ئێسـتا پـارە نییـە و ڕاگیـراوە، دەنـا ئێسـتاش مـن لەگـەڵ تیپـی باواجـی پێوەندیـم هەیـە.

ڕامـان: ئەگـەر ئاسـتی ئێسـتای تیپـی باواجـی، لەگـەڵ ئاسـتی ڕابـوردووی بـەراورد بکـەی، چۆنـی دەبینـی و هەڵدەسـەنگێنی؟

زاهیـر محەمـەد: ئێسـتا تیپـی باواجـی چالاکییان کەمـە، چونکـە حزبایەتیـی تـێ کەوتـووە، دەنـا هونەرمەنـدی زۆر باشـی تێدایـە، لەبـەر ئـەوەی پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان لـە کۆیـە هەیـە، ئەندامانـی تیپەکـە زۆربەیـان لـە پەیمانگـە مامۆسـتان و لـە تیپـی باواجـی-ش ئەندامـن، هـەر ئـەو تیپـەش لـە کۆیـە هەیـە، بـۆ ئـەوەی چالاکـی هەبـێ و تیپێکـی ڕەسـمی بـێ، هەمـووی لـەوێ بەشـدارن.

ڕامـان: ئـەی قوتابیانـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان لـە کۆیـە کـە ژمارەیـان زۆرە، هیـوا و ئومێدێکـت پێیـان هەیـە هونـەری مۆسـیقا و گۆرانـی لـە کۆیـە پێـش بخـەن؟

زاهیـر محەمـەد: قوتابیـی زۆر لـە پەیمانگـە هـەن، تـا ڕۆڵـی پێشـکەوتووی تێدایـە، لـە بـواری

مۆسیقا قوتابی زۆر باشی تێدایە، هەموویان لە تیپی باواجی ئەندامن، ئێستا تیپەکە زۆر پێشکەوتووە، هونەرمەندی زۆر باشی تێدایە، ئەوەیان لایەنێکی گەش و دڵخۆشکەرەیە، هەموویان لەسەر نۆتە دەخوێننەوە، ئاخر ئەوەی نۆتە بخوێنێتەوە، ئەوە بۆ فێربوون و پاهێنان و تێگەیشتن ئاسانترە، من لەگەڵیان بەشدارم، کەی داوام لێ بکەن دەچم.

پامان: ئێستا ئافرەتێکی زۆریشیان بۆ لای خۆیان پاکێشاوە، ئافرەتی بەهرەدار، ئەوانەش ئیش دەکەن، ئەوەشم پێ هەنگاوێکی باشە.

زاهیر محەمەد: بەڵێ، ئەوەشیان هەیە.

پامان: بە گشتی بیروڕات لەسەر پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کوردستان چییە کە ئێستا ژمارەیان زۆر بووە، تۆ بیروڕات لەسەر ئەو زۆرییە چییە؟ ئایا توانیویانە بەهرە باشەکان پێ بگەیەنن؟ هەبوونی پەیمانگە بەو ژمارە زۆرە پێویستە هەبێ؟

زاهیر محەمەد: پەیمانگە وەکوو خانەی مامۆستایانە، تەنانەت ئەوەی ئێمەش ئەو کاتی لێی نووسرابوو، بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانە، لەناو ئەو قوتابیانەدا هەمووی بە هونەرمەندی باش دەرناچن، لە خولێکی ئەو ساڵەدا کە سی کەس دەردەچن، لەو سی کەسە ئەوپەڕی پێنج شەش کەس دەبنە هونەرمەندی چاک و تێ دەگەن و بەردەوام دەبن، دەنا ئەوانی دی دەبنە مامۆستا و لە قوتابخانەکان سروود و مۆسیقا دەڵێنەوە.

پامان: لەوانەیە لەو سی کەسە چەند دانەیەکیان ببنە هونەرمەندی چاک.

زاهیر محەمەد: کارێکی چاکە لە کوردستان ئەو هەموو پەیمانگەیە کراوەتەوە، ئەوە پەوڕەوەی هونەر بەرەو پێشەوە دەبا و هۆشیاریی بڵاو دەکاتەوە، شتێکی خراپ نییە.

پامان: جاران لە سەردەمی ئێوە کە تیپی مۆسیقای باواجی-تان گەیاندبووە ئاستێکی بەرز، کۆمەڵێک دەنگخۆش و بەهرەداری چاکتان لە تیپەکە کۆ کردبووەوە، ئەوانە دەنگخۆش بوون و گۆرانی پەسەن و خۆشیان دەگوت، بارودۆخی ئەمڕۆکە چۆن دەبینی؟ من ئاگام لێیە ئێستا تیپەکە تاکولۆک گۆرانیبێژی باش پێشکەش دەکەن.

زاهیر محەمەد: ئێستا لە کۆیە گۆرانیبێژی چاکمان نییە، من ناڵێم ئەو گۆرانییانەی ئەو سەردەمە کە لەسەر نۆتەن باش نین، ئاخر جیاوازییان هەیە، چڵ ساڵ پێش ئەوڕۆ، زۆربەی گۆرانییەکان فۆلکلۆری بوون، ئێستاکە هەمووی گۆرانی سەردەمن، وەکوو تەختی میسر، دوایی کە کۆمەڵێکی نوێ پەیدا بوون وەک محەمەد عەبدولوەهاب و کەسە نوێیەکان، ئەوانە جیاوازیان هەیە، هیی ئێمەش ئەوهای لێ هاتووە.

پامان: گۆرانیبێژی چاکمان زۆر کەمە، کە لە ڕووی ئەکادیمییەوە لە گۆرانیگوتن تێبگەن.

زاهیر محەمەد: ئەوەی تۆ مەبەستت بێ لەسەر نۆتە بیڵێ و پێی بڵێی ئێرەی نەشازە چاکی بکە، تێ بگات نەشازەکە لە کوێیە، ڕاستە ئەو جۆرە گۆرانیبێژەمان کەمە، ئەو یەک دوو کەسە ناڵێم کە من گۆرانیم بۆ ئامادە کردبوون، ئەوانە خۆم بانگم کردن و خۆم پێم گوتن گۆرانیم بۆتان هەیە، ئەگەر حەز دەکەن وەرن بیڵێن، زۆر بە دڵفراوانی وەریان گرت، شازدە گۆرانیم بۆ ئامادە کردن.

پامان: ئەو بەرهەمانە کەی پێشکەش دەکرێن؟

زاهیر محەمەد: ئەو کچە ڕۆژهەڵاتییە دەنگی زۆر خۆشە، ئێستا کارەکان ماون، کەنگێ دۆخەکە

باش بوو، گۆرانییەکان ئامادەن، ئەو کاتی وامان دانابوو یەکەم جار لە هەولێر ئاهەنگێک، دوایی بچینە سلێمانی و کۆیە، پاشان بچینە دهۆک و زاخۆ ئاهەنگ بگێڕین، ڕەزامەندیشمان وەرگرتبوو، وەزارەتی ڕۆشنبیری زۆر بە باشی لێمان هاتە پێشەوە، بریکاری وەزارەت گوتی زۆر یارمەتیتان دەدەم و کارەکانتان زۆر باشن، ئێستاش پرۆژەکەمان وەک خۆی ماوە.

ڕامان: بە لای تۆوە لە کۆیە دەنگخۆش نییە، یان کەسانێک نین ئەو بەهرەدارانە بدۆزنەوە، چونکە ئەوەش پشکنین و گەڕانێکی دەوێ؟

زاهیر محەمەد: ئەو بەهرەدارانە ژمارەیان کەمە، دەبێ بایەخیان پێ بدرێ، پەروەردە بکرێن، کاتی خۆی ئەو ڕۆژەی ڕاهێنانی خۆمان نەبووایە، ئەوەمان باش بوو هەموو ڕۆژێ دەچووینە بارەگای تیپەکە، بارەگاکەشمان لەناو شار، لە شەقامی سەرابوو، ڕۆژانە یەکترمان دەدی و لەگەڵ یەکدی دادەنیشتین.

ڕامان: ئامادەبوونی ئەندامان لە بارەگای تیپەکە، کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە.

زاهیر محەمەد: گەلێک ڕۆژان هونەرمەندەکان دەهاتن، بەتایبەت ئەنوەر تاهیر، هەموو گۆرانبێژەکان و کۆرسەکانی بە سۆلفێج فێر دەکرد، سۆلفێج لە مۆسیقادا زۆر گرنگە، گۆرانییەکان بە سۆلفێج و دەنگی مۆسیقا پێیان بگوترێ گەلێک گرنگە، چونکە نەشاز و دەنگی خراپ ناهێڵێ، ئێستاکە ئەوە کەمە، ناچن لە تیپەکەیان دەوام بکەن، بۆیە لەو بەینە ئەوەم پێ گوتن. ئێستا هەموو ئەندامەکان دەچنە چایخانان دادەنیشن، پێم گوتن ئێواران بڕۆن بارەگاکەتان بکەنەوە و لەوێ پێنج شەش کەس دانیشن و گفتوگۆ لە بارەی هونەرەوە بکەن.

ڕامان: تیپەکە کرێچی نییە، خانووی خۆشیان هەیە، ئەی بۆ ناچنە ئەوێ دابنیشن؟

زاهیر محەمەد: خانوویان هەیە، خانووەکەیان لەناو شارە و زۆر نزیکیشە، پێم گوتن بڕۆن لەوێ دانیشن، هەندێکتان خەریکی ژەنین بن، هەندێک قسە لە بارەی هونەرەوە بکەن، بیروڕا لەسەر گۆرانییەک، چالاکییەکی فەیسبووک و تەلەڤزیۆن بگۆڕنەوە، یەکێ بڵێ ئەو گۆرانییەم دیوە، ئەوەی ئاوایە و ئاوایە، بێگومان کە چوونە تیپ، هەموو ڕۆژێک بابەتێک دێتە گۆڕێ، چونکە لە دانیشتنی دوو سێ کەسی، یەکێک دەڵێ من ئەو ئاوازەم هەیە، وەرن گوێتان لێ بێ بزانن چۆنە؟ ئەو کاتە هەر یەکەی بیروڕای خۆی دەدات، بەمە گفتوگۆیەکی هونەری دێتە کایەوە، بە داخەوە ئەوەیان نییە.

ڕامان: من لەوە تێ ناگەم، هونەرمەندێک کە خەریکی نواندن، یان ژەنین، یان مۆسیقا و گۆرانیگوتنە، بۆ دەبێ حزبایەتی کار لە هونەرەکەیان بکات، تۆ کە موزیکژەنی نەتوانی ئاواز دابنێی، بەهرەدارەکان بدۆزیتەوە و دەستیان بگری، لەوە بترازێ ئیشی تۆ چییە؟ قەیناکا بڕۆ لە دەرەوەی تیپەکە حزبایەتی خۆت بکە، بەڵام کە هاتیتە ناو بارەگای تیپەکەوە، دەبێ پیشەییانە کاری هونەریی خۆت بکەی و هونەرمەندانە ڕەفتار بکەی.

زاهیر محەمەد: ئێستا ئەو مۆدێلی حزبایەتییە لە کۆیە زۆر باوە.

ڕامان: تۆ بە تەواوی حەقی مامۆستا تاهیر تۆفیق-ت نەدا، زۆرت بۆ باس نەکردم، پێم باشە لە بارەی ئەو هونەرمەندە گەورەیەوە درێژە بە قسەکانت بدەی.

زاهیر محەمەد: تاهیر تۆفیق گۆرانیبێژ و مەقامبێژێکی کوردی زۆر گرنگە، گرنگییەکەی ئەوەیە بە خۆڕسک فێر بووە، دەرچووی هیچ

پەیمانگە و قوتابخانەیەکی هونەری نەبووە، هەر بە خۆڕسک هێناویەتی، دەنگیکی یەکجار خۆشی هەبوو، چینەدەنگی زۆر بەرز و پاک و نزمی هەیە، یان هەر سێ چینەدەنگی مۆسیقای هەیە، خاوەنی دەنگێکی خۆش و چڕینێکی بێ نەشازە، کە ئەو مەقامانە دەڵێت، لەوانەی جاران و پێش خۆی گەلێک باشترە، کە مەقامێک دەڵێ، ئەگەر نەشزانێ مەقامەکە ناوی چییە، بەڵام شێوە وتنێکی چاکی بێ نەشازی هەیە.

ڕامان: ئەوەی تۆ دەیڵێی بۆ شیعریش هەروایە، مەرج نییە شاعیرێکی باش بە تەواوی شارەزای عەروز و کێش و هونەرەکانی شیعر و چی و چی بێ.

زاهیر محەمەد: لێرە لە هۆڵێک کۆبوونەوە لەسەر مەقامات و هونەر هەبوو، قسەی زۆر کرا، نایف شێخانی کە ئەوێ ڕۆژێ هاتە ئۆفیسی ڕامان، ئەو لە بنکەی مەقام کۆڕەکەی کردبوو، ئارەزوو ئیسماعیل لە ڕوانگەیەکی هونەرییەوە، هەندێک لە مەقامەکان و دەنگی (تاهیر تۆفیق)ی شیکردەوە، ئەوەیان لەو چینەدەنگەوە دەست پێ دەکا و ئەوها دەڕوا و ئەوەای لێ دێ. سادق حەریری لە تەنیشت من دانیشتبوو، هاواری کرد و گوتی تاهیر تۆفیق ئەو شتانەی نەدەزانی، هەر دەیزانی مەقامەکە بە جوانی بڵێ، نەیدەزانی ئەوە لە چ پلەیەکە و ئەوەشیان لە چ چینەدەنگێکە، هەر واش بوو، ئەو شتانەی لە بارەی مەقام و مۆسیقاوە نەدەزانی.

ڕامان: بەڵام ئەو قسەیە مانای ئەوە نییە، شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ دەنگەکەی نەکرێ.

زاهیر محەمەد: نا، نەخێر، لە هەموو مەقامەکان شارەزا بوو، تەنیا کەمێکت بۆی گوتبا، ئەو دەیزانی و پێیدا دەڕۆیشت، دەیزانی ئەوە عەجەمە، ئەوە بەیاتە، بەبێ نەشاز دەیگوتن، تاهیر تۆفیق دەنگێکی خۆشی هەبوو.

ڕامان: تۆ هیچ کارێکی هونەریت بۆ ئامادە کردبوو؟

زاهیر محەمەد: گۆرانیم بۆ ئامادە نەکردبوو، بەڵام ئەو گۆرانی و مەقاماتی گوتووە، ئێمەش وەکوو ژەنیار بە ژەنین بەشدار بووین، دەنا هیچ گۆرانییەکم بۆی ئامادە نەکردووە.

ڕامان: کێ زۆرتر ئەو کارانەی بۆی ئامادە دەکرد؟

زاهیر محەمەد: زۆربەی زۆری کارەکانی هیی خۆی بوون، ئەگەر هیی کەسانی دیکەش هەبووبێ، ئەوە نەبووەتە نەریت لە تایتڵەکەدا بنووسرێ کە ئەو ئاوازە، ئاوازی فلانە، نازانم کاتی خۆی ئەو شتانە بۆ نەنووسراوە، بۆیە دەڵێم گۆرانییە کۆنەکان زانیارییان لە بارەوە کەمە، تەنانەت گۆرانی شلەوخانان ئەگەر وەختی خۆی وەکوو ئێستا بنووسرابایە، ئەوە شتێکی دیکە دەبوو.

ڕامان: ئێستا تۆ ئەوانە دەنووسی؟

زاهیر محەمەد: ئێستا من هەموو شتێک دەنووسم، شیعری فلان کەس، ئاوازی فلان کەس، تەنانەت ڕۆژەکەش دەنووسم، لە چ ڕۆژێک ئاوازەکەم داناوە، یان شیعرەکە کەی داندراوە، ئەوانە هەمووی زانیاری مێژوویی پێویستن، ئەوسا ئەوە نەبووە، بۆیە ئێستا کەس خاوەنەکانیان ناناسێتەوە، بێگومان مەقامەکان، گۆرانییە میللییەکان ئاوازدانەریان هەبووە.

ڕامان: بەڵام کە خاوەنی دیار نەکراوە، دوایی دەڵێن فۆلکلۆرە.

زاهیر محەمەد: بۆیەشە ئێستا کراوەتە فۆلکلۆر و گۆرانییەکی میللی.

ڕامان: ئاووهەوای کۆیە بۆ کەسانی وەک ئێوە کە لە بواری هونەری موزیک و گۆرانیدا ئیشتان کردووە، زۆر یارمەتیدەرتان بووە، لەبەر ئەوەی لە کایەی هونەر، مێلۆدی زۆر جوانی هەبووە،

بە درێژایی مێژوو گەنجینەیەکی گەورەی هەبووە، ئەوە هەر لە سەردەمی ئەختەرەوە، ڕەنگە پێش ئەختەریش وەک میرات بۆ ئێوە مابێتەوە، ئێوەش ئەو هەوا و مێلۆدییانەتان لە قوڕگ و دەنگی پیرەمێردەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە بیستووە و وەرگرتووە، ئەمەش هاوکارتان بووە بۆ ئەوەی بتوانن وەک میلۆدییەکی ڕەسەن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و سەرلەنوێ ئامادەی بکەنەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو هەموو شاعیرە باشانەی لە کۆیە هەبوون و شیعریان نووسیوە، ئەوەش هاوکارتان بووە، ئیتر هەر لە باوکی ڕەحمەتیتەوە بیگرە، تا دەگاتە شاعیرەکانی دی، ئەوانەش زۆربەیان شیعری لیریکیان هەیە کە شیعرەکانیان زۆر بۆ گۆرانی گونجاون، باسێکی شیعری گۆرانیمان بۆ بکە.

زاهیر محەمەد: هەر ئەوە تایبەتمەندییەکەی کۆیەیە، بەڵام یەک شت هەیە کە لەوانەیە کەس درکی پێ نەکردبێ، یەک لایەنی زانستیت بۆ باس دەکەم، لەبەر ئەوەی کورد زۆر لەناو هەموو نەتەوەکانی دی بڵاوبووەتەوە، بۆیە زۆر سوودی لەو نەتەوانە وەرگرتووە و کاریگەری ئەوانیشی بەسەرەوە هەبووە، ئاخر هونەر ئەوەی گرنگە، کاریگەری تێ بکرێ و کاریگەریش بەسەر هونەری ئەوانی دیکەوە بەجێ بهێڵێ، بۆ نموونە لە گۆرانی لای سلێمانی و دەوروبەری سوودی لە فارسی وەرگرتووە، یان دەنگ و هەوای ئەوانی وەرگرتووە. لە دەڤەری بادینان، کاریگەری تورکی بەسەرەوە هەبووە، ئێمەش کاریگەریمان بەسەر ئەوانەوە هەبووە، بەڵام کاریگەرییەکەی ئێمە باس ناکرێ.

ڕامان: لەبەر ئەوەی ئێمە دەوڵەتمان نییە باس ناکرێ، دەنا کاریگەریی زۆر گەورەمان بەسەر هونەری تورک و فارس و عەرەبیشدا هەبووە، کار لە جێ پەنجەدانان و کاریگەریش دەرچووە، زۆر جار ئاواز و میلۆدییەکانیان لێ دزیوین و کردوویانە بە هیی خۆیان.

زاهیر محەمەد: ئاخر کاریگەرییەکە ئەوەیە، ئەوان دزیویانە و بە ناوی خۆیانەوە کردووە، تورکەکان مۆری تورکیایان لێ داون، ناتوانین قسەیان لێوە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەن دەوڵەتن و ئێمەش دەوڵەتمان نییە.

ڕامان: خەتای هونەرمەندی کوردیشی تێدایە، کە جاری وا هەیە چووە شیعرەکەی کردووەتە تورکی، ئاواز و میلۆدییەکەشی ڕاست بەناوی تورکەوە تۆمار کردووە، بۆ ئەوەی مشتێ پارەی پێ پەیدا بکا.

زاهیر محەمەد: ئەحمەد کایە بە تورکیش گۆرانی دەگوت، کە گوتی من کوردم، چییان لێ کرد، خۆت ئاگاداری و مێژووەکان دەزانی، هەر شاربەدەریان کرد، لە هەمان ڕۆژ لەناو هۆڵی شانۆکەدا سووکایەتییان پێ کرد، ئەوانە ئەوەندە ڕەگەزپەرستن، بۆیە نەمانتوانیوە، یان نەمانوێراوە ئەو کارانە بکەین، بەڵام کاریگەریمان بەسەر ئەوانەوە هەبووە.

ڕامان: تۆ پێت وایە لایەنە چاکەکانیشمان لەوان وەرگرتبێ؟

زاهیر محەمەد: بەڵێ، سوودمان لە بەرهەمی عەرەبی وەرگرتووە، ئەوە لەناو نەتەوەکانی دیکە کەمتر هەیە، ئێمە لە هەموو دەوروپشتمان وەرمان گرتووە، هونەرەکەمان پێش کەوتووە، بۆیە ئێستا هونەرێکی پێشکەوتوومان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی قەوارەیەکمان نییە و بێ دەوڵەتین، نەمانتوانیوە بچین بە تەواوی هونەرەکەمان لە وڵاتانی دی بڵاوبکەینەوە، ئەوە شتێکی مێژوویی و حەقە زۆری لە بارەوە بنووسرێ و بایەخی پێ بدرێ.